گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٤٣

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٤٣ – بە فرانبار – ژانویە ٢٠٢٤

## سەروتار

# بەیادی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦، ئەو دە ڕۆژەی ئێرانی هەژاند

ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی مانگی بەفرانبار، ساڵڕۆژی دەستپێکی ئاخێزی سەرتاسەریی بێبەشانی شارە لە مانگی بەفرانباری ٩٦دا. ئەم ئاخێزە کە پتر لە ٩٠ شاری ئێرانی تەنییەوە و بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ درێژەی بوو، ئێرانی هەژاند. شەش ساڵ لەمەوبەر، بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی، بەهەزاران کەس لە خەڵکی مەشهەد هاتنە سەر شەقامەکان و لە ناڕەزایەتی دژبە هەژاری و گرانی، بێکاریی بەرین و گەندەڵی و دزی بەرینی کاربەدەستانی ڕژیم، درووشمیان بەرز کردەوە. ناڕەزایەتی هەژارانی شاری مەشهەد کە ڕیشەی لە هەژاری و فەلاکەتی ئابووری، توندتر بوونەوەی ناکۆکی چینایەتی و بێمافی بێسنووری سیاسی و ڕق و بێزاری لەدژی گەندەڵی و دزی کەڵانی بەرپرسانی ڕژیم دابوو، هەر وەك چەخماخەیەك، بڵێسەی ئاگری ئاخێزی سەرتاسەریی دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، هەڵگیرساند. دەتکوت ژان و ئازاری هاوبەش و نەفرەت و ناڕەزایەتی گشتی لە نیزامی سیاسی و چیناهیەتیی زاڵ و باوەڕ بە ئیسلاح نەکرانی کۆماری ئیسلامی، یەك شەوە، زۆرینەی هەژاران و ڕەنجدیتوانی کۆمەڵگای ئێرانی پێکەوە پەیوەند دابوو. هەژاران لە دەیان شارەوە هاتنە سەر شەقامەکان، لاوان بە گڕوتینێکی کەم وێنەوە سینگیان کردە قەڵغان و بە دەنگی ڕەساوە، درووشمەکانی "مەرگ و نەمان بۆ ڕووحانی" مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر"، ئیسلاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا" و "نان، کار ئازادی"یان بەرز کردەوە و بە درووشمی "مەترسن مەترسن، ئێمە هەموو پێکەوەین" بەرەنگاری هێزە سەرکوتگەرەکان بوونەوە.

بەڵام ئاخێزی سەرتاسەری مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕووداوێکی لەناکاو نەبوو. ئاکامی وێرانکەری سیاسەتی نێئۆلیبڕالیسمی ئابووری و بارووددۆخی نالەباری ژیانی کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگا بوو، زۆر پێشتر، بەستێنەکانی ئاخێزی سەرتاسەری ئەم ئاخێزە جەماوەرییەی ئامادە کردبوو و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی




## هاوپشتیی کرێکارانی جیهان لەگەڵ خەڵکی فەلەستین



## چۆن خەباتی کرێکاران یەکگرتوو و سەرتاسەری بکەین؟



## کۆڵبەری لە کوردستان، گیان لە گرەوی ناندا

مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری لە ناوەندە گەورەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و خەباتی جەماوەری، ئەگەری سەرهەڵدانی ئەم ئاخێزە سەرتاسەرییەی حەتمی کردبوو. کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران، ساڵانێك بوو کە لە هەژاری، بێکاری ملیۆنی و نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی، لە نەدرانی حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری، لە دیاردەی منداڵانی کار و سەرشەقام و پەرەسەندنی ئازارە کۆمەڵایەتیەکان، وەگیان هاتبوون. لەم باروودۆخە کارەساتبارەدا، پێداگریی دەوڵەتی ڕووحانی لەسەر درێژەی خسووسی سازی و بەکردەوە دەرهێنانی بەرنامەی نیئۆلیبراڵی، باروودۆخەکەی ئەوەندەی دیکەش دژوارتر کردبوو. لە لایەکەوە، درێژەی ئەم باروودۆخە فەلاکەتبارە و لە لایەکی دیکەشەوە، داسەپاندنی هەزینەی قورسی دەخاڵەتی نیزامی و پشتیوانی لە ڕەوتە تیرۆریستەکان لە ناوەندە قەیراناوییەکانی ناوچەکە بەسەر ژیانی خەڵکی ئێران، ئاشکرا بوونی پەروەندەی گەندەڵی و دزی هەزاران ملیارد تمەن و لەقاودرانی جەنایاتێك کە سەرانی ئەم ڕژیمە دەرحەق خەڵکی ئێران ئەنجامیان دابوو، کاردی گەیاندبووە سەر ئێسقانی کرێکاران و توێژە ستەملێکراوەکانی کۆمەڵگای ئێران. ئاخێزی سەرتاسەریی مانگی بەفرانبار، ڕیشەی لەم حەقیقەتانەی ژیان دا بوو. لە وەها باروودۆخێکدا، شەپۆلی ڕاپەڕین کەوتە ڕێ و کرێکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا، لە جەرەیانی ئەم ئاخێزدا، بەئاشکرا نیشانیان دا کە چیتر نایانهەوێ وەك ڕابردوو بژین.

دوژمن کە بەخاتری خێرایی سەرسووڕهێنەری ناڕەزایەتییەکان، غافڵگیر ببوو، بەخۆیدا هاتەوە و هێزی سەرکوتی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم ئاخێزە سەرتاسەرییە وەکار خست. خامنەیی ئەو ئیدیعا بێزراوەی هەموو دیکتاتۆرەکانی دووپات کردەوە و ئەم ئاخێزە جەماوەرییەی، بەرهەمی "پارە، چەك، سیاسەت و دەزگا ئەمنییەکانی دوژمن" پێناسە کرد. ڕووحانی ئێعتداڵگەرا و خاتەمی ئیسلاحتەڵەب، خوازیاری بەرەنگاربوونەوەی یاسایی لەدژی "ئاژاوەگێڕان و تێکدەرانی ئێران بوون. فەرماندەکانی سپای پاسداران، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان داخست و هێزەکانی سارولڵا و بەسیجیان لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران هێنایە مەیدان و حکوومەت نیزامییەکی توند و ڕانەگەیەندراویان بەڕێوەبرد. بەهۆی هێرشی هێزی سەرکوتکەرەکان بۆسەر ڕیزی خۆپیشاندەران، دەیان کەس گیانیان لەدەست دا و بەسەدان کەس بریندار بوون و پتر لە سێ هەزار کەسیش دەستبەسەر کران.

ئاخێزی مانگی بەفرانبار، بەشێوەی هاوئاهەنگ و سەرتاسەری و تێکەڵ لەگەڵ شەڕ و تێکهەڵچوونی سەرشەقامەکان، پاش دە ڕۆژ، خەوتەوە. بەڵام بێگومان کۆتایی هاتنی ئەم ئاخێزە، تەنیا بەهۆی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو تێگەیشتن و پێگەیشتوویی سیاسی بەڕێوەبەرانی ئەم ئاخێزە، لە پانتای کۆمەڵایەتیدا، لە خەوتنەوەی ئەم ئاخێزەدا، دەور و نەخشێکی بەرچاوی بوو. هەژارانی ڕاپەڕیو، کاتێك بۆیان دەرکەوت کە جلی شۆڕش هێشتا بۆ جەستەی ئەم ئاخێزە نابێ و ئامادەی نەبەردی نیهایی نین، کاتێك کە زانییان چینی کرێکار لە بواری ڕێکخستن و ڕێبەری سیاسییەوە هێشتا ئامادەی ئەوە نییە کە بە مانگرتنی سەرتاسەری خۆی ماشێنی سەرکوتی دوژمن زەمینگیر بکات، کاتێک کە بۆیان دەرکەوت پێداویستییەکانی ڕووخاندنی ڕژیم هێشتا ئامادە نەبووە، ئیرادەیان کرد کە خەباتی خۆیان، لە شکڵ و شێوازی دیکەدا بەرەوپێش بەرن. بەڵام بەدەر لەوانە، ئاخێزی مانگی بەفرانبار، نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی مەزن بوو لە وشیاری و زەینییەتی جەماوەر بەرامبەر بە ماهییەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بێگومان، خەبات بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژیمەی بردە قۆناغێکی تازەوە.

ئاخێزی سەرتاسەریی مانگی بەفرانبار، وەك خاڵێکی وەرچەرخان، کۆتایی بە زاڵ بوونی وتاری ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی، بەسەر کەش و هەوای سیاسیی ئێراندا، هێنا. لە کاتی هاتنە سەر کاری دەوڵەتی خاتەمییەوە، بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ، ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی هەوڵیان دا، خەبات لە چوارچێوەی بەرتەسکی یاسای ئیسلامی، بکەنە بەستێنی سەرەکیی ناڕەزایەتی دژبە باروودۆخی زاڵ. پتر لە دوو دەیە بوو کە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی، ژەهری ستراتێژی ڕیفۆرمخوازییان بەسەر گیان و جەستەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا دەپژاند. لە کاتی "هەڵبژاردنەکان"دا، بژاردەی خراپ و خراپتریان، لەبەردەم خەڵك دادەنا. ئاخێزی مانگی



بەفرانبار بارگەوبنەی ستراتێژ و وتاری ڕیفۆرمخوازانی تێکەوەپێچا.

ئاخێزی مانگی بەفرانبار هاوسەنگی هێزی بە قازانجی بەرەی خەڵك گۆڕی و ڕووحێکی تازەی خستە ناو جەستەی خەباتی کرێکارییەوە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ڕەوتی بێ وەستان و ڕوو لە گەشەی مانگرتنی شکۆدار و ناڕەزایەتی کرێکاری لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرتاسەریی موعەلیمان، بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دژبە سیاسەتی وێرانکەری ژینگەیی ڕژیم، بە ڕوونی واقعییەتی بەردەوام بوون و ڕەوتی پێگەیشتنی ناڕەزایەتیە کرێکارییەکان و خەباتی جەماوەریمان پێ نیشان دەدەن. هەروەها ئاخێزی سەرتاسەری خەزەڵوەری ٩٨ لە درێژەی ئاخێزی سەتاسەریی بەفرانباری ٩٦ و بێتوانایی و داماویی ڕژیم لە کۆنتڕۆڵ کردنی قەیرانەکان و وەڵامدانەوە بە خواستی خێرا و کەڵەکەکراوی کرێکاران و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا، حەتمی بوونی گەشەی خەباتی کرێکاری و جەماوەریی نیشاندا. هەژاران و بێبەشانی شار لە ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر بە خۆڕاگری و پایەداریەکی گیانفیدایانە کە لە بەرابەر سەرکوتی دڕندانە و خوێناویی حکوومەتی ئیسلامیدا لە خۆیان نیشانیان دا و بە هێرش بۆسەر بانک و ناوەندی نیزامی و مەزهەبی، ئەم هێمایانەی دەسەڵاتی سەرمایەی ئیسلامی، زەربەیەکی بەتەوژمیان لە ستراتێژی تێپەڕینی هێمنانەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی دا و وتاری تێپەڕینی شۆڕشگێڕانە لە ڕژیمی ئیسلامییان بەهێزکرد.

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا کە بە شێوازی جۆراوجۆر هەروا درێژەی هەیە، لە ئیدامەی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨یەکێک لە بەرینترین و درێژماوەترین ئاخێزی شۆڕشگێڕانە بوو لەماوەی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا. ئەم ئاخێزە کە بەناوی ڕەمزی "ژینا"وە دەستی پێکرد، پشت ئەستوورە بە هەموو ئەم دەستکەوت و داتا بابەتیانەوە. لەم ڕووەوە بە شکۆیەکی چەند بەرابەر مەزنتر لە ئاخێزەکانی پێشوو هاتە مەیدان. ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، "نە ڕووسەری، نە تووسەری، ئازادی، بەرابەری"، "مەرگ بۆ دیکتاتۆر و مەرگ بۆ خامنەیی" و بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک فڕێدان و سووتاندنی حیجاب لەسەر شەقام و سەما و هەڵپەڕین لە دەوری ئاگر، یەکێک لە بنەماکانی ئایدیۆلۆژیی حکوومەتی ئیسلامی تێکشکاند. ئەم ئاخێزە بە هێرشکردنە سەر بەهێزترین پێگەی ئیسلامی سیاسی و یاسای سەختی دینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنی لە ناوچەکە بردە قۆناغێکی نوێوە و بوو بە هێمای بزووتنەوەی ڕزگاری ژن لەم ناوچەیە. ئەم بزووتنەوەیە بە دروشمی "مەرگ بۆ چەوسێنەر، چ شا بێت و چ ڕێبەر" کە لە شەقام و زانکۆکان دەنگی دایەوە نیشانی دا کە ئۆپۆزیسیۆنی خوازیاری دەسەڵاتی پاشایەتی هیچ پێگەیەکی لەناو ژنانی ستەملێکراو، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەدا نییە. ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە لەبواری ڕەنگدانەوەی جیهانی و ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوپشتیی بیروڕای پێشکەوتنخواز لە سەرانسەری جیهان پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێراندا تۆمار کردووە.

بەرز و بەڕێز بێت یاد و بیرەوەریی گیانبەختکردووانی ئاخێزی سەرانسەریی مانگی بەفرانباری ٩٦

***

# چۆن خەباتی کرێکاران یەکگرتوو و سەرتاسەری بکەین؟

بۆ پەیوەند دانی ناڕەزایەتیی کرێکاری لە کارخانە و ناوەندەکانی جۆراوجۆری بەرهەمهێنان و سەرتاسەری کردنەوەی ئەم خەباتە، پێویستە چ بکرێ؟ لە باردووۆخی ئێستادا بەرەو دوو مەسیر، پێویستە هەنگاو هەڵگرین. یەکەم جێگیر کردنی خواست و دروشمی یەکگرتووی خەباتکارانە لەناو کرێکاران و دووهەم پێویستە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی سەربەخۆ لە دەوڵەت و چالاکان و ڕێبەرانی کردەوەیی بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ یەکتر پەیوەند بدرێن. بە واتایەکی تر، نەبوونی داخوازی و دروشمی سەرتاسەری و نەبوونی پەیوەندی خەباتکارانە لە نێوان کرێکارانی پێشڕەو و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئاستی سەرتاسەریدا، دوو بەربەستی سەرەکین لە بەرامبەر سەرتاسەری بوونەوە و هاوئاهەنگ بوونی خەباتی کرێکاران. هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی کرێکاری پێویستە لە بارووۆخی ئێستادا، لە پێناو ڕەواندنی ئەم دوو بەربەستە سەرەکیە، هەوڵ بدەن.

کرێکاران پێویستە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دروشمی یەکدەست و واحیدیان بێت. واتە دروشم گەلێك کە خەسڵەتی گشتی و بەربڵاویان بێت و خواستەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە شێوەی دیاریکراو، ئاشکرا بکات. یەکگرتوویی لە خواست و دروشمدا، هەنگاوی سەرەکیە لە هەموو جۆرە یەکگرتنێکی خەباتکارانەدا. هەرکات کرێکارانی چەندین کارخانە و ناوەندەی بەرهەمهێنان توانیویانە خواستەکانیان بکەنە یەك و هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی کرێکاری لەو بەشەدا لەگەڵ یەکتر پەیوەندیان گرتووە، کرێکاران توانیویانە خەباتێکی یەکگرتووانە بەرەوپێش بەرن. بۆ نموونە مامۆستایان و خانەنشینان وەک بەشێک لە چینی کرێکار بە پێداگری لەسەر خواستە هاوبەشەکانیان و بە سازماندانی سەرانسەری سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان توانییان مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرانسەری ڕێک بخەن. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا کرێکارانی پێشڕەوی بەشی پڕۆژەیی سەنعەتی نەوت و گاز، بە پێداگری لەسەر خواستە هاوبەشەکانیان و لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ کرێکارانی پەیمانی سەنعەتی نەوت و گاز و هەروەها بە یارمەتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئەپڵیکەیشێنە پەیامنێرەکان، مانگرتنێکی هاوئاهەنگیان لە دەیان ناوەندی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و پێترۆشیمی و شیرکەتەکانی سەربەوان، لە١٢ئۆستان، بەڕێوەبرد.

هەر ئەم سادەترین شێوازە لە یەکگرتوویی لە ڕێگەی خواست و دروشمی یەکدەست و هاوکات، ئەو ئیمکانە بە کرێکارانی پێشڕەو دەدا تا هاوپشتی و وشیاریی چینایەتی، ڕێکخستن و متمانەبەخۆیی و باوەڕ بە هێزی چینی کرێکار، لەناویاندا پتەوتر بێت. هەروەک باسمان کرد خواستی ناوەندە سەراسەرییەکان، هاوکات لەگەڵ گشتگیربوونیان، ڕوون و دیاریکراویشن. ئەم داخوازییانە کە ڕیشەیان لە کێشە و گرفتی گشت کرێکاران دایە و لەپێناو ڕەواندنی ئەم کۆسپانە، توانای گشت کرێکارانیان پێویستە. هەموو کرێکاران بۆ بردنەسەری حەقدەستەکان، بۆ دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و دەرمانی، بۆ باشتر کردنی بارووۆخی کار، دژبە دەستبەسەرکردنی کرێکارانی پێشڕەو، دژبە دەرکردن و بێکار کردنی کرێکارانی و هیتر، خەبات دەکەن. ئەگەر کرێکارانی پێشڕەو بتوانن لە هەر بوارێکدا دروشمێکی هاوبەش لەناو کرێکاراندا جێ بخەن، ئەوکات، ناڕەزایەتی لە هەر کارخانەیەك لەسەر ئەم یان ئەو تەوەری دیاریکراو، دەتوانێ بە شێوەی خواستێکی گشتی و چینایەتی بێتە گۆڕێ و گشت کرێکاران بە ئامانجی پشتیوانی کردن و دەور و نەخش نواندن لە دیاری کردنی چارەنووسی ئەم خەباتە، بێنێتە مەیدان. بۆ بەدەسهێنانی خواستی کرێکاران، بەتایبەت لەم قۆناغەدا، پێویستە لەسەر خواستی زیاد کردنی حەقدەستەکان تا ئاستی دابین کردنی هەزینەی ژیانێکی ئینسانی، دابین کردنی بیمەی



دەرمانی و کۆمەڵایەتی، ڕێگری لە دەرکردنی کرێکاران لە لایەن خاوەنکار، دابین کردنی بیمەی بێکاری و هیتر، پێداگری بکرێت. ئەم خواستانە، بە کورتی، خواستی سەرەکی کرێکارانە لەم قۆناغەدا و بەستێنێکی گونجاویشیان هەیە بۆ ئەویکە ببنە دروشمی خەباتکارانەی گشت کرێکاران. هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست و پێشڕەو پێویستە هەوڵ بدەن تا ئەم خواست و دروشمانە لە ناو جەماوری کرێکاردا جێگیر بکەن. لە جەرەیانی خەباتی ئێستا و بزووتنەوەی موتالباتی کرێکاران، زۆر جار، ناڕەزایەتی لە کارخانە و ناوەندە جۆراوجۆرەکان، بە هێنانە گۆڕێ هێندێك لەو خواستانە دەسپێدەکات، لە وەها بارووۆخێکدا پێویستە کار و چالاکی ڕێکخراو ئەنجام بدرێت. ئەوەش خۆی هەنگاوێکی سەرەکیە لە پێناو یەکگرتوویی خەباتی کرێکاران و دەبێتە هۆی ئەوەیکە لە ڕێگەی ئەم دروشمە یەکدەست و واحیدانە، خەباتی کرێکاران لە کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، لە دەوری خواستە سەرەکیەکانی گشت چینی کرێکار کۆبکەینەوە وبەشێوەی هاوبەش خەباتی بۆ بکەین.

لە لایەکی دیکەوە، سەرەڕای تەبلیغی بەردەوامی هەرچی بەرینتر کردنی خواست و دروشمە سەرتاسەریەکان، پەیوەند دانی کرێکارانی پێشڕەو و خەباتکار و ڕێبەرانی کردەوەیی بزووتنەوەی کرێکاری، لە پێناو درێژەی کار و چالاکیی ڕێکخراو، گرینگیەتی تایبەتی هەیە. بەتایبەت لە نەبوونی ڕێکخراوی چینایەتی و سەرتاسەری کرێکاران، ئەم بابەتە یەکجار زەرورەتی هەیە. هاوئاراستە کردن، هاوئاهەنگی و هاوکات کردنی خەباتی کرێکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا و ڕاکێشانی بە وەختی پشتیوانی ناوەندە جۆراوجۆرەکان لە یەکتر، بە بێ پەیوەندی جیدی لە نێوان کرێکارانی پێشڕەو و خەباتکار کە جەمسەری خەباتیان لە ناوەندە جۆراوجۆرەکاندا بەدەستەوەیە، هەروەها ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان کە هەتا ئێستا دەورونەخشی خۆیان لە ڕێکخستنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاراندا سەلماندووە، مەیسەر نابێت. پەیوەند دانی ئەم کرێکارانە لەگەڵ یەکتر، لە ڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندیداری خەباتکارانە و بە یارمەتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئەپڵیکەیشێنە پەیامنێرەکان، ڕێگاچارەیەکی گونجاوە بۆ پەیوەند دانی هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری. هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی کرێکاری پێویستە لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە، پەیوەندی لە نێوان کرێکارانی پێشڕەودا پێکبێنن. پەیوەندی کرێکارانی پێشڕەو و ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەیکە ناڕەزایەتی کرێکاری لە کارخانەکاندا، زیاتر لە جاران، لەسەر بنەمای نەخشە و بەرنامەیەکی داڕێژراو بێت و بە شێوەی هاوئاهەنگ، هاوکات و هاوئاراستە ئەنجام بدرێت. هەواڵ و زانیاریی ورد و چەند و چۆنی خەباتی کرێکاری لە ڕێگەی ئەم تۆڕە لە پەیوەندیی پێشڕەوانی کرێکاری و ڕێکخراوەکان، زۆر بە خێرایی دەگاتە هەموو کارخانەکان و ئیمکانی کردەوەیی ڕاکێشانی هاوپشتی و بردنەدەرەوەی خەبات لە چوارچێوەی کارخانەیەکی تاك، دابین دەکات.

ناوەند و تۆڕە ئەمنیەتی و سیخوڕییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و خاوەنانی کارخانە و خاوەنکاران بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری چاوی هیوایان لە تەفرەقەی ناو کرێکارانە. تەفەرەقە و ناکۆکی لەسەر خواستەکان، ناکۆکی لەسەر دروشم و ناکۆکی لە نێوان کرێکارانی پێشڕەو و ڕێبەرانی کردەوەیی ئەم خەباتە. هەر هەنگاوێك کە هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ لەناو بردنی ئەم ناکۆکیانە هەڵیدەگرن، بە هەڕ ڕادەیەك کە بتوانن یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی لە نێوان دروشم و کردەوەی کرێکاراندا بخوڵقێنن، بزووتنەوەی کرێکاری هەنگاوێك لە سەرکەوتن نزیك دەبێتەوە. تەبلیغی بەردەوامی خواست و دروشمی واحید، پێکهێنانی پەیوەندیی کردەوەیی لە نێوان پێشڕەوان و ڕێبەران و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی بزووتنەوەی کرێکاری، بەهێزکردنی پەیوەند و هاوڕێیەتیی کرێکاری، لە زومرەی ئەو هەوڵە خێرایانەن کە لە دەستووری کاری هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی کرێکاری دایە.

❊❊❊

# مانگرتنی کرێکارانی گرووپی سەنعەتی فوولادی ئەهواز

## "رامان گەیاند کە دێین، ئەمە سەرەتای ڕێگایە"

دوای ئەوەیکە "عەلی محەممەدی" مودیر عاملی گەندەڵی گرووپی میللی سەنعەتی فوولادی ئەهواز ۲۱ کرێکاری لە چوون بۆناو شیرکەت قەدەغە کرد و گەلاڵەی ڕیزبەندی پیشەی بەڕێوەنەبرد، بەیانی ڕۆژی شەممە ۲ی مانگی بەفرانباری ۱۴۰۲ کرێکارانی گرووپی میللی فوولاد بۆ جارێکی دیکە دەستیان دایە مانگرتن و لە هەموو بەشەکاندا هێڵەکانی بەرهەمهێنانیان ڕاگرت. کرێکارانی مانگرتوو وێڕای ڕاگرتنی بەرهەمهێنان لە بەرابەر دەفتەری بەڕێوەبەرایەتی شیرکەت و دواتر لە بەرابەر دەفتەری جێگری فەنی شیرکەت کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەرپاکرد و ئۆلتیماتۆمیان دایە مودیر عامل کە دەبێ لابردنی قەدەغەی چوونە ژۆری کرێکاران و ئیجرای تەواوی گەلاڵەی ڕیزبەندی پیشە ڕاگەیەنێت. بەڵام بەهۆکاری ئەوەیکە مودیر عامل وڵامی خواستی کرێکارانی نەداوە، لەم ناوەندە ڕاویان نا. کرێکارانی فوولاد دوای ڕاونانی بەڕێوەبەری شیرکەت، بەمەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی خەڵک لە کرێکاران، لە کارخانەوە تا مەیدانی بەقایی، سەرەتای جادەی ئەهواز – خورەمشار ڕێپێوانیان کرد و بە دروشمی بەهێزی وەک "ئێمە کرێکارانی فوولاد بەرەنگاری زوڵم و بێداد دەبینەوە" دووبارە بەرەو کارخانە گەڕانەوە. بەمجۆرە کرێکارانی فوولاد لە جەریانی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و ڕێپێوانی خۆیاندا لێبڕاوانە لەسەر لابردنی قەدەغەی هاوکارانیان و بەڕێوەبردنی دەستبەجێ وتەواوی گەلاڵەی ڕیزبەندی پیشە پێداگرییان کرد و ڕایانگەیاند کە بە یەکگرتوویی و هاوپشتی هەتا وەدیهێنانی خواستەکانیان لە خەباتیان بەردەوام دەبن. لە کاردانەوە بە مانگرتنی کرێکاران شەوی ڕابردوو، بەڕێوەبەرایەتیی شیرکەت بە هاوکاری هێزەکانی حەراسەت کارتی چوونەژووری ۱۷کرێکاری دیکەشیان مەسدوود کرد و بەمجۆرە هەتا ئێستا ۳۸کرێکار بە هۆی پێداگری لەسەر خواستەکانیان لە کارکردن بێبەش کراون. کرێکاران ڕۆژی یەکشەممە ۳ی مانگی بەفرانبار بۆ دووهەمین ڕۆژی بەردەوام لە ناڕەزایەتی بە تەعلیقی ۳۸هاوکاریان درێژەیان بە مانگرتن دا. کرێکارانی مانگرتوو بە وتنەوەی دروشمی "کێشەمان چارەسەر نەبێ، ئەهواز قیامەت دەبێ"، "سفرەمان بەتاڵە، زوڵم و ستەم بەسە"، "ئێمە کرێکارانی فوولاد بەرەنگاری زوڵم و ستەم دەبینەوە" لەسەر درێژەی خەبات هەتا گەیشتن بە خواستەکانیان پێداگرییان کرد. کرێکارانی گرووپی میللی سەنعەتی فوولادی ئەهواز بەم مانگرتن و ڕێپێوانەی خۆیان وەرزێکی تازەیان لە ئیتحاد و هاوپشتی و خەبات بۆ بدواچونی خواستەکانیان دەستپێکردووە.

هەر لەو پەیوەندەدا یەکێک لە کرێکارانی فوولاد لە یادداشتێک کە لە سەفحەی تێلێگرامی "دەنگی سەربەخۆی کرێکارانی گرووپی میللی فوولاد"دا بڵاوکراوەتەوە دەنووسێ: "ئەم شیرکەتە گەورەیە مۆرە مافیاییەکان بەم ڕۆژەیان گەیاندووە. ئەوکات کە هاوارمان کرد ئاڵقەکانی مافیای فوولادی سەربە سپا و ژووری بازرگانی، خووزستانیان خستووەتە ناو قەیرانەوە، هیچ مودیرێک هیچ نوێنەرێک دەنگی کرێکاری نەبیست. ئەمڕۆ ئیتر بانکی میللی و هەیئەتی مودیرە و ئیتلاعات و سازمانی ئیتلاعاتی بەسیج و سپا و حەراسەت بۆیان نییە باس لە هێڵەکانی بەرهەمهێنان بکەن. ئەویش بۆ کرێکارانێک کە لەسەر هەر شمش و میلگەرد و لوولەیەک و هەر سەعاتێکی کار ئازاریان چێشتووە و گەلێک جار لەئاست قەرزە ساختەکان هاواریان کردووە. ئەم گەندەڵە ئابوورییانە کە لە جلی مودەعیانی خاوەنکار و پیشەسازاندا دەردەکەون، تەنانەت بەپێی "فوولادی ئۆکسین"یش ناتوانن حەقدەستەکان بدەن و لە جیاتی پێدانی حەقدەست هاوکارانی زەحمەتکێشی ئێمە یەک لەدوای یەک بۆ جەلەساتی ئەمنیەتی دەعوەت دەکەن و هەڕەشەیان لێدەکەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە کرێکارانی فوولاد بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سەنعەتە زۆر لە



خۆیان شایستەترن و دەتوانن بە ڕیشەکێشکردنی ڕانت و گەندەڵی، نەتەنها شیرکەتەکان بە قازانجیکی زۆر بگەیەنن بەڵکوو دەتوانن هەموو خووزستان و ئێرانیش لە سوود و نیعمەتەکانی دەستڕەنجی کرێکاران بەهرەمەند بکەن. ئەمڕۆ سەلماندمان کە دەستدرێژی بۆسەر مافی کرێکاران و بایەخ نەدان بە داخوازییەکانیان چ ئاکامێکی دەتوانێ هەبێت."

ئەم مانگرتنە یەکگرتووانە و شکۆدارەی کرێکارانی گرووپی میللی سەنعەتی فوولاد لە درێژەی ناڕەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەردا سازمان دراوە. ڕۆژی چوارشەممە ۱۷ی مانگی خەزەڵوەری ۱۴۰۲، بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم ناوەندە سەنعەتییە لە هەر دوو شیفتی بەیانی و دوای نیوەڕۆ لە ناڕەزایەتی بە بەڕێوەنەچوونی گەلاڵەی ڕیزبەندی پیشە لە چوون بۆ ساڵۆنەکانی غەزاخۆری شوێنی کار و لە خواردنی غەزای ڕۆژانەیان خویان بوارد. دوای کارشکێنی مودیری عاملی ئەم شیرکەتە، ڕۆژی شەممە ۲۰ی مانگی خەزەڵوەر ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکانی شیرکەت بە ڕاگرتنی چەند سەعات هێڵی بەرهەمهێنان، لە بەرامبەر ساختمانی مودیریەت کۆبوونەوە و یەکدەنگ خوازیاری جێبەجێکردنی گەلاڵەی ڕیزبەندی پیشە و گەڕانەوەی کرێکاری دەکراو "کەریم سیاحی" بوون. لە درێژەدا ڕۆژی یەکشەممە ۲۱ی مانگی خەزەڵوەر، کرێکارانی هەموو بەشەکانی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز لە ناڕەزایەتی بە بایەخ نەدانی بەڕێوەبەری شیرکەت بە خواستەکانیان، لە مەحەلی شیرکەت کۆبوونەوە و ڕێپێوانی ناڕەزایەتییان بەرپاکرد و بۆ جارێکی تر لەسەر خواستی هاوسانسازی حەقدەست، بەڕێوەبردنی تەواوی گەلاڵەی ڕیزبەندی پیشە و گەڕانەوە بۆسەر کاری هەموو کرێکارانی دەرکراو پێداگرییان کرد. کرێکارانی گرووپی میللی سەنعەتی فوولاد لە مانگی خەزەڵوەردا ڕایانگەیاند: "ئەگەر سەرەتای مانگی بەفرانبار خواستی ئێمە کرێکاران واتە ئیجرای تەواوی گەلاڵەی ڕیزبەندی و هاوسانسازی حقووق نەیەتە دی، بە بێ بایەخدان بە هەر جۆرە هەڕەشە و بەڵێن و هەر میزان واریزی، پەیگیری مانگرتن دەبین."

مانگرتن و ڕێپێوانی کرێکارانی گرووپی میللی سەنعەتی فوولاد و ئیعترازاتی کرێکاری لە مانگەکانی ڕابردوو و بەتایبەت یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی خانەنشینان، ئیعترازاتی ئیدامەداری کرێکارانی نەوت و گاز و پێترۆشیمی و مانگرتنی کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان، بەڕوونی نیشانی دەدات کە شەپۆلی ئێعدامەکان و ڕەشبگیری چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، دەرکردنی حوکمی شەللاق بۆ کرێکاران، هێرش بۆسەر ژنانی بێحیجاب و تەعەڕوزی بەرنامەڕێژیکراو و ڕێکخراو بۆسەر بزووتنەوەی خوێندکاری نەتەنها نەیتوانیوە بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران چاوترسێن بکات، بەڵکوو ئەم بزووتنەوەیە بە هەنگاوی قورس و قایم هەروا بەرەوپێشەوە دەڕوات و هەژاری بێوێنەی ئابووری جامی سەبری کرێکارانی لێوڕێژ کردووە. کرێکاران چیتر نایانهەوێ وەک ڕابردوو بژین و تاڵان بکرێن.

گەشەی مانگرتن و ناڕەایەتیی کرێکاران حەتمی و چارەهەڵنەگرە. چونکە نە ڕژیمی ئیسلامی وڵامێکی بۆ داخوازیی کرێکاران هەیە و نە کرێکاران هیچ ڕێگایەکیان بۆ پاشەکشەکردن هەیە. لە جەرەیانی مانگرتنی کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان لە بەیاننامەیەکدا ڕاشکاوانە تەئکیدیان کرد کە "گاردی ویژە و باتۆم ئیتر کاریگەر نییە". هەروەها ڕایانگەیاند: "لەبیرتان نەچێ چەرخەکانی ئەم سەنعەتە بە دەستی ئێمە دەسووڕێ و بە دەستی ئێمەش ڕادەگیرێ". کرێکارانی گرووپی میللی فوولادیش لە ڕەوتی مانگرتن و ڕێپێوانی خۆیاندا ڕایانگەیاند: "ئێمە کرێکارانی فوولاد بەرەنگاری زوڵم و بێداد دەبینەوە". خانەنشینانیش ئەم دروشمەیان کردە ئاڵای خەباتی پەیگیریان: "تەنها لەسەر شەقام، بەدەست دێنین مافمان". ئەم لێبڕاوبوونە لە بەدواداچوونی داخوازییەکان و ئەم سۆزە خەباتکارانەیەی کرێکاران لە بارودۆخێکدا کە لەگەڵ دامرکانی ئیعترازاتی سەرشەقام، سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆگەکانی چینی مامناوەند بە درۆنانەوە ڕووحیەی دڵساردی و بێهیوایی پەرەپێدەدەن، ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە زیندوو ڕاگرتن و لە بەهێزکردنی گوڕوتینی خەبات و پاشەکشە کردن بە هەوڵەکانی ڕژیم لەپێناو ئەمنیەتی کردنی کۆمەڵگا هەیە.

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە مەحکوومکردنی تاوانی شەڕی دەوڵەتی تورکییە لەدژی خەڵکی کوردستانی سووریە

دەسەڵاتی فاشیستی تورکییە لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هێرشی نیزامی لە ئاسمان و زەوییەوە بۆ سەر خەڵکی کوردستانی سووریە (ڕۆژئاوا) پەرەپێداوە و ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ناوەندەکانی خزمەتگوزاریی لە قامیشلوو، کۆبانی، عامودە و دەوروبەری عەفرین بۆمباران کردووە. لە هەلومەرجێکدا کە فەزای میدیای جیهان و بیرو ڕای گشتی لەسەر جەنایات و کۆمەڵکوژی دەسەڵاتی ئیسرائیل لە غەززە چڕ بووەتەوە، ئەرتەشی تورکییە بە کەڵک وەرگرتن لەم فورسەتە بەتایبەت لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی دێسامبرەوە هێرشیماڵوێرانکەری بە درۆن و تۆپخانەی دژبە خەڵکی کوردستانی سووریە پەرەپێداوە. لەم ماوەیەدا دامەزراوەی ئاو و بەرقی شار و گوندەکان، نەخۆشخانەکان و ناوەندە دەرمانییەکان، کارگەی بەرهەمهێنانی ئۆکسیژێنی نەخۆشخانەکان، کارخانە و کارگەکانی بەرهەمهێنانی پێداویستیی خەڵک و تەنانەت نانەوایی و ماڵی خەڵکی ئاسایی کراوەتە ئامانجی هێرشی درۆن و تۆپخانە. شەوی سێشەممە ٢٦ی دێسامبر نەخۆشخانەی مانگی سوور لە شاری کۆبانیش کرایە ئامانجی هێرشی ئاسمانی ئەرتەشی جەنایەتکاری تورکییە و لە کار کەوت. پەرەپێدانی هێرشە نیزامییەکانی دەوڵەتی تورکییە لە کوردستانی سووریە هاوکات لەگەڵ ئیدامەی هێرشی نیزامی و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە لە سنووری تورکییە و کوردستانی عێراق ئەنجام دەدرێ. بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا دەیان کەس لە هێزە نیزامییەکانی تورکییە لە شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا کوژراون و برینداربوون. ئەرتەشی تورکییە کوژرانی ١٢ کەسی نیزامی خۆی لەم هێرشانەدا پشتڕاست کردووەتە کە کاردانەوەی زۆر و ئیعتڕازاتی لە تورکییە بەدواوە بووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا، لە هێرشەکانی تورکییە بۆسەر کوردستانی سووریە لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابروودا ٢٠ کەسی سیڤیل بریندار بوون و ٨ کەسیش گیانیان لەدەستداوە، ڕۆژی سێشەممە تەرمەکانیان لە خۆپیشاندانێکی شکۆداردا بە بەشداریی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی قامیشلوو بەخاک سپێردرا. ئەم تاوانانەی ڕژیمی تورکییە نموونەی بەرچاوی تاوانی شەڕ و تاوان بەدژی مرۆڤایەتییە. دووڕوویی و فریوکاری ئەوەیە کە ئەردۆغان خۆی دژ بە خەڵکی کوردستان ئەم جەنایاتە ئەنجام دەدات، بەڵام ئەنجامدانی هەر ئەم جەنایەتانە لەلایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین تاوان دژی مرۆڤایەتی ناولێدەنێت و سەرکۆنەی دەکات.

هێرشی دەوڵەتی فاشیستی تورکییە بۆسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەرایەتی ڕۆژئاوا و ژێرخانە خزمەتگوزارییەکان، لەحاڵێکدا بەبێ نیگەرانی ئەنجام دەدرێ کە ئەرتەشی ئەمریکا کۆنترۆڵی ئاسمانیی ئەم وڵاتەی لە ئیختیاردایە. هەروەها هێزەکانی ئەرتەشی ئەمریکا لەژێرناوی هاوپەیمانی نێونەتەوەیی دژبە داعش، کە "یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە هێزەکانی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاواش بەشێک لەم هاوپەیمانییەن، خاوەنی چەندین پایەگای نیزامی لە کوردستانی سووریەیە. کەوابوو نابێ گومان لەوەدا هەبێت کە هێرشی ئەرتەشی تورکییە لە دژی خەڵکی کوردستانی سووریە بە تەوافوقی زمنی لەگەڵ ئەرتەشی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت. لە وەها بارودۆخێکدا هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستانی سووریە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا نەتەنیا لەڕاستای بەرژوەندی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانی سووریەدا نییە، بەڵکوو لە ئیعتباری بزووتنەوەی مافخوازانەی ئەم ناوچەیەش زەربەی قەرەبوونەکراوی داوە. دەوڵەتی ئەمریکا کە هاودەستی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە کوشتاری خەڵکی غەززەیە و پەروەندەیەکی پڕ لە کوودتا و جەنایەتی لە سەرکوتی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری جیهاندا هەیە، ناتوانێ داکۆکیکاری ڕاستەقینەی ماف و بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستانی سووریە بێت. لەلایەکی دیکەوە هاوئاهەنگی و هاوکاریی دەوڵەتانی کۆماری ئیسلامی، عێراق و سووریە لەگەڵ ڕژیمی تورکییە لە ئەنجامدانی هێرشی نیزامی و ئەمنیەتی و سیخوڕی لەدژی خەڵک لە هەموو بەشەکانی کوردستان، سیاسەت و ڕێکەوتنێکی هاوبەشە کە ئەم دەوڵەتانە سەرەڕای ناکۆکیی نێوانیان لەگەڵی موافقن و بە هاوکاریی یەکتر بەڕێوەی دەبەن.

کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) بۆ جارێکی تر هێرشی نیزامی و تیرۆریستی و کردەوەی ئەمنیەتیی دەوڵەتی فاشیستی تورکییە دژبە خەڵکی تێکۆشەر و ستەمدیدەی سووریە و ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانیان بەتوندی مەحکووم دەکات. کۆمەڵە لە هەموو خەڵکی ئازادیخواز، ڕەوتە سیاسییە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشڕەو و ڕادیکاڵەکان داواکارە کە جەنایاتی دەوڵەتی تورکییە لەدژی خەڵکی کوردستان مەحکووم بکەن.

بێگومان لە بارودۆخی قەیراناوی و ئەوزاعی ئاڵۆزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خەڵکی تێکۆشەر و ستەملێکراوی کوردستانی سووریە تەنیا بە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و خەڵکی ڕەنجدیدە و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سووریە دەتوانن لە بەرابەر تاوان و دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکییەدا موقاوەمەت بکەن و بە ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد لە ڕێگای ئازادی و ڕەفاهدا هەنگاو هەڵگرن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٦ی بەفرانباری ١٤٠٢ی هەتاوی

٢٧ی دێسامبری ٢٠٢٣ی زایینی

❊❊❊

## گەڵاڵەی بوودجەی ١٤٠٣، گەڵاڵەیەک بۆ تاڵانکردنی خەڵک

مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی مانگی سەرماوەز کۆی گشتی گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٣ی دوای کێشمەکێشی ڕوکەش لەگەڵ دەوڵەتی ڕەئیسی قاتڵ پەسند کرد. ئەوەش لە حاڵێکدابوو کە هەفتەی پێشوو مەجلیسی کۆنەپەرست، ئەم گەڵاڵەیەی بەهۆکاری ناتەبابوونی لەگەڵ بەناو "بەرنامەی حەوتەمی تەوسەعە" ڕەتکردبووەوە. بەڵام دوای گونجاندنی چند گۆڕانکارییکی ورد، ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی مانگی سەرماوەز لەلایەن کۆمیسیۆنی تەلفیقی بوودجەی مەجلیسەوە قەبووڵ کرا. بەپێی بەرئاوردنی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس زۆرێک لە داهاتە پێشبینی کراوەکانی ناو ئەم گەڵاڵەیە وەدی نایەن. بۆ نموونە سندووقەکانی خانەنشینی و تەرحی مەعیوبی یارانەکان بەرەوڕووی کەسریی ٢٧١ هەزار ملیارد تمەنی بوونەتەوە. هەروەها بەهۆی ئەعداد و ئەرقامی غەیری واقعیی ناو ئەم گەڵاڵەیە دەوڵەت بۆ ئیسلاحی قیمەتی کاڵا ئەساسیەکان مجبوور بە "شۆک دەرمانی"ی کۆمەڵگا دەبێت. کۆمیسیۆنی تەلفیقی بوودجەی مەجلیسیش وتوویەتی کە گەڵاڵەی بوودجەی ئەمساڵ زیاتر لە ٤٢٠ هەزار ملیارد تمەن کەسریی دەبێت. بەم حاڵەشەوە ئەمساڵ مەجلیس بۆ داپۆشینی بەرینایی قەیران و فەلاکەتی

ئابووری ڕەوتی لێکدانەوەی بوودجەی کردووەتە دوو مەرحەلەیی و لەم مەرحەلەیەدا باسی وردەکاریی دەرامەد و خەرجییەکانی نەکردووە.

لەم بارودۆخەدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەنیازە بە سات و سەودا و هاودەستی نێوان مەجلیس و دەوڵەت لە سەرەوە و بە تاکتیکی بە زاهیر بردنەسەری حەقدەست و هاوسانسازیی حقوقی خانەنشینان، بوودجەی ساڵی داهاتوو سەرپەهەمبەندی بکات و خەڵک فریو بدات. لە دەقی پەسندکراوی گەڵاڵەی بوودجەدا، بردنەسەری ٢٠ لەسەدی حقووقی کارمەندان و ١٨لەسەدی حقووقی خانەنشینان پێشبینی کراوە. ئەویش لە بارودۆخێکدا کە دەوڵەت ئیختیاری هەبێت و بتوانێ ڕێژەی ماڵیات لەئاستی سەراسەریدا بۆ بەکارهێنەرانی هەموو کاڵاکان زیاد بکات. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ڕێژەی تەوەرۆم لەسەرەوەی ٥٠ لەسەدە.

دەوڵەتی ڕەئیسی قاتڵ دەیهەوێ بە تەرفەندی وەرگرتنی یەک لەسەد ماڵیاتی زیاتر لە خەڵک، بەشێک لە کەسری بوودجەی دەوڵەت کە سەرچاوەگرتوو لە قەیرانی ئابووری و گەندەڵی و دزیی ڕێبەران و بەرپرسانی ڕژیمە لە سفرەی خانەنشینان، کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دابین بکات. ئاشکرایە کە لە وەها بارودۆخێکدا بردنەسەری یەک لەسەدی ماڵیات، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی چەندین لەسەدی هەموو کاڵا پێویستەکانی خەڵک. ئەم گەڵاڵەیە بەقازانجی کارگێرانی حکوومەت و سەرمایەداران و بە زەرەری هەموو کرێکاران و خانەنشینان و توێژە کەمداهاتەکانی کۆمەڵگایە.

لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئیدیعای ئەوە دەکات کە هەزینەی تەرحی هاوسانسازی حقووقی خانەنشینان کە بەردەوام یەکێک لە داخوازییەکانی ناڕەزایەتییەکانی ئەمساڵیان بووە لە گەڵاڵەی بوودجەی ئەمساڵدا گونجێندراوە،



ژمارەیەک لە نوێنەرانی مەجلیسی کۆنەپەرستی ئیسلامی بەئامانجی بەهرەبەرداری سیاسی بەقازانجی خۆیان، گۆشەهایەک لە سات و سەودای نێوان مەجلیس و دەوڵەتیان بۆ ئامادەکردنی گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی داهاتوو ئاشکرا کردووە. ئەندامێکی کۆمیسیۆنی عومرانی مەجلیس لە ناڕەزایەتی بە پێشنیاری دەوڵەت ڕیاکارانە وتی: "لە حاڵێکدا کە تەوەرۆم لە سەرووی ٤٠ لەسەدە، دەوڵەت بۆ حقووقی کارمەندان و خانەنشینان بردنەسەری ٢٠ لەسەدی و ١٨لەسەدی لەبەرچاو گرتووە. وە لەبەرامبەریشدا خوازیاری ئەوەیە کە مەجلیس بە بردنەسەری یەک لەسەدی ماڵیاتی هەموو کاڵاکان دەنگ بدات. ئەگەر بە بردنەسەری ماڵیات دەنگ بدرێت، تەوەرۆم ئەوەندەی دیکە زیاد دەبێت و ئەگەر دەنگیش نەدرێ، کۆمەڵگەی خانەنشیان لە بەرامبەر مەجلیسدا کۆدەبنەوە". هەر لەم پەیوەندەدا نوێنەرێکی دیکە لە موخالفەت لەگەڵ پێشنیاری بردنەسەری ماڵیات، دەوڵەتی خەتابار و ناکارامە وەسف کرد و دانی بەوە دانا کە: "ئێمە لە ئەسڵدا ئەم ماڵیاتە لەخودی خانەنشینان وەردەگرین و دواتر بەشێکی دەدەینەوە بە خۆیان. ئێمە نابێ ناکارامەیی مودیریەتی خۆمان بە دەست کردنە ناو گیرفانی خەڵک جوبران بکەینەوە. ئایا دەزانن کە بردنەسەری ٥٤ و ٨ دەهومی لەسەدی ماڵیاتی کاڵا و خزمەتگوزاری، قیمەتەکان چەندە دەباتە سەرێ؟ ئایا بارودۆخی تەوەرومتان پێشبینی کردووە؟"

کە ئەمەش درۆیەکی دیکەیە و هیچی تر. دەوڵەت کە لە گەڵاڵەی بوودجەدا هیچ سەرچاوەیەکی بۆ دابینکردنی بواری ماڵی ئەم تەرحە دیاری نەکردووە چۆن دەتوانێ ئیجرای بکات. بەڵام ناڕوون بوونی دابینکردنی سەرچاوەی ماڵی تەنها تایبەت بەم بەشە نییە و زۆر بەشی تریش دەگرێتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوە ماڵییەکانی مەجلیس زۆرێک لە داهاتە پێشبینی کراوەکان لەناو گەڵاڵەی بوودجەی ئەمساڵ بۆ نموونە ماڵیات و داهاتی پەیوەندیدار بە ئەموالی دەوڵەت و فرۆشتنی نەوت جێبەجێ نابێت. خاڵێکی دیکە کە لە گەڵاڵەی بوودجە ئەمساڵدا لەبەرچاوگیراوە، تەرفەندی فریوکارانەی بەرکاهێنانی یۆرۆ لەجیاتی دۆلار لە هەژمارکردنی بوودجەدایە. لە حاڵێکدا کە نرخی یۆرۆ بەرامبەر بە دۆلار لەئاستی جیهانیدا سابت و زیاتر لە دۆلارە، لە موحاسباتی بوودجەی حکوومەتی ئیسلامیدا، قیمەتی یۆرۆ ٣١ هەزار تمەن لە نەزەر گیراوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە قیمەتی هەر ئێستای یۆرۆ نزیک بە ٥٥ هەزار تمەنە. بێجگەلە ئەمەش گۆیا قەرارە ڕۆژانە یەک ملیۆن و ٣٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بە قیمەتی هەر بەرمیلێک ٦٥ یۆرۆ هەناردە بکرێت و پوولەکەی بخرێتە حیسابی دەوڵەتەوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هەتا ئێستا بەشێکی زۆر لە نەوت سپای پاسداران خۆی فرۆشتوویە و حیسابی بۆ دەوڵەت و مەجلیس نەکردووە.

ئەوەیکە لە گەڵاڵەی بوودجەی ئەمساڵدا دیارە ئینقبازی بوونیەتی. واتە نیسبەتی داهات و خەرجییەکان خوارتر لە ڕێژەی تەوەرۆم حیساب دەکات. بەمجۆرە لە ساڵی داهاتووشدا نەتەنها نانێک بە سفرەی کرێکاران و خانەنشینان و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا زیاد نابێت بەڵکوو بارودوخی ژیان و گوزەرانیان خراپتریش دەبێت. ئەوەیکە بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا ڕوونە ئەوەیە کە حکوومەتی پادگانی و وەرشکستەی ئیسلامی سەرمایەداران کە هەموو ڕۆژێ پەروەندەی دزی و گەندەڵی سەدان و هەزاران ملیارد دۆلاریی ڕێبەران و مەسئوولانی لەقاو دەدرێ، لەئاست بژێوی بنەماڵەکانیاندا هیچ بەرپرسایەتییەک وەئەستۆ ناگرێت. بەڵام ئەم دەسەڵاتە دژەئینسانە کە هەزینەی دەخاڵەتگەری لە ناوەندە قەیراناوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تیرۆریزم و جەنایات و دزییەکانی خۆی لەڕێگەی هێرشکردنەسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە دابین دەکات، دەبێ چاوەڕوانی وەڕێ کەوتنی لافاوی خرۆشانی ڕق و تووڕەیی و ناڕەزایەتی ئەوان بێت بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتە نگریسەکەی.

***

## هاوپشتیی کرێکارانی جیهان لەگەڵ خەڵکی فەلەستین

لە حاڵێکدا کە جینۆساید و کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی وێرانکراوی غەززە لەلایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلەوە هەروا درێژەی هەیە، دەنگدان لە شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەرکردنی بڕیارنامەیەک بەئامانجی ڕاگرتنی شەڕ لە غەززە بەهۆکاری دژایەتی توندی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ سێهەمین اجار وەدواکەوت. دەوڵەتی ئەمریکا کە هەر لە سەرەتاوە بە بێ شەرت و مەرج لە کەمپەینی جەنگیی دەوڵەت ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە پشتیوانیی کردووە هەتا ئێستا چەندین جار لە حەقی ڤیتۆی خۆی بۆ ڕێگری لە وەها بڕیارنامەیەک کەڵکی وەرگرتووە. دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل بە پشتیوانی سیاسی، ماڵی و تەسلیحاتی ئەمریکا هەروا بەردەوام لەسەر درێژەدانی شەڕ تا نابوودی حەماس پێداگری دەکات. بەگوێرەی دواییـن ڕاپۆرتەکان هەتا ئێستا زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس و لەناویاندا ٨ هەزار منداڵ گیانیان لەدەستداوە. زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس برینداربوون و هەزاران کەس کەوتوونەتە ژێر بنا ڕووخاوەکان و ٢ ملیۆن ئینسان لە شوێنی ژیانیان هەڵکەندراون. نەخۆشخانەکان، خوێندنگاکان و کەمپەکان یەک لە دوای یەک بەسەر ئاوارەکاندا وێران دەبن. ئاوارەکان دەستیان بە خۆراک و ئاو و ئیمکاناتی تەندروستی ڕاناگات. ئێستا ئیتر نمایشی سات لە دوای ساتی منداڵانی خەڵتانی خوێنکراو و دەستی پەڕیو و هەموو ئەو ڕەنجانەی بەسەر خەڵکی فەلەستیندا سەپاوە زیاتر لە هەموو کاتێک ڕق و تووڕەیی خەڵکی جیهانی بەدژی دەوڵەتی داگیرکەر و پشتیوانانی هەڵخراندووە. ئێستا ئیتر سەرۆکی لیژنەی نێونەتەوەیی خاچی سووریش ڕووداوەکانی کەرتی غەززە وەک شکستێکی ئەخلاقی بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی

هەڵدەسەنگێنن. شکستێک کە بەهاکەی بۆ نەتەوەی ستەملێکراوی فەلەستین و بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یەکجار قورس بووە. دایکانی فەلەستینی و خەڵکی ئازارچێشتووی غەززە بە بەهایەکی قەرەبوونەکراوە داغی شەرمەزاری و ڕسوایان کوتا بە ناوچاوانی دیموکراسییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە ڕۆژئاوا.لاوان و نەوەی گەنج نابێ لەبیریان بچێتەوە کە غەززە تەنها گۆشەیەک لە بەربەریەتی نیزامی سەرمایەداری نیشان دەدات.

بەڵام لە حاڵێکدا کە نەتاناهۆی فاشیست بۆ درێژەدانی کۆمەڵکوژی تەنها پێویستی بە چەکە و لەوە نیگەرانە کە شەپۆلی نارەزایەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا گواستنەوەی چەک و




کەرەستەی نیزامی بۆ ئیسرائیل بەرەورووی مەترسی بکاتەوە، پشتیوانی کرێکاران لە کانەدا، ئەمریکا، ئیتالیا، بێلژیک، سپانیا، بریتانیا و هێند لە خەڵکی غەززە هەروا درێژەی هەیە. لە وڵام بە خواستی یەکیەتییە کرێکارییەکانی فەلەستین بۆ هاوپشتی جیهانی، لە سپانیا، کرێکارانی بەندەری بارسلۆن لە گواستنەوەی چەک بۆ ئیسرائیل خۆیان بوارد و داوای ئاگربەستی دەستبەجێیان کرد. کرێکارانی کۆمپانیای ئەیرباس لە شاری "خێتافێ"ی سپانیا بە هەڵگرتنی بەنێرێک کە لەسەریان نووسیبوو: "کرێکارانی ئەیرباس پشتیوانی خەڵکی فەلەستینن"، "نا بۆ فرۆشتنی چەک بە ئیسرائیل" بەدەوری کارخانەکەدا ڕێپێوانیان کرد. ١٤ یەکیەتیی سپانیایی و ٢٠٠ڕێکخراوی مەدەنی بە وەرێخستنی کەمپەینێک داوایان لە دەوڵەتی ئەم وڵاتە کرد کە کۆتایی بە تجارەتی چەک لەگەڵ ئیسرائیل بێنێت. یەکیەتییە کرێکارییەکانی کاتالۆنیا بەدژی شیرکەتێکی سەربە گرووپی LCI، کە فۆسفات بۆ شیرکەتی "مۆنسانتۆ" بەمەبەستی بەرهەمهێنانی فۆسفۆری سپی بۆ ئەرتەشی ئەمریکا دابین دەکات، کە دواجار ڕەوانەی ئیسرائیل دەکرێت، نارەزایەتییان دەربڕی.

لە بێلژیک چەندین سەندیکای حەمل و نەقل داوایان لە ئەندامەکانیان کرد کە ناردنی چەک لە ڕێگەی ئاسمانییەوە ڕابگرن. لە ئیتالیا کرێکارانی بارئەندازی سەربە سەندیکای سەربەخۆ لە باکووری بەندەری "جنوا"، بەریان بە حەرەکەتی کەشتیەکی باری گرت کە لەلایەن هێڵی کەشتیرانی MIZ ئیسرائیلەوە ئیدارە دەکرێت. کرێکارانی بارئەندازی سەربە شۆرای کرێکارانی بارئەندازی ئورووپا یەکەمین هەوڵی هاوئاهەنگی گەورەی خۆیان لە نێوان بەندەرەکانی چەندین وڵات ئەنجام دا. دوازدە فێدراسیۆنی سەندیکای هێند کە نوێنەری سەد ملیۆن کرێکارن، بەتوندی لەئاست ناردنی سەد هەزار کرێکاری بیناسازی لەجیاتی کرێکارانی فەلەستینی کە ئیسرائیل مجوزی کارەکەیانی هەڵوەشاندووەتەوە، دژایەتییان دەربڕی. لە بەیاننامەی سەندیکای هاوبەشدا هاتووە: "ئەوەیکە هێند باس لە "هەناردەکردن"ی کرێکاران دەکات نیشانی دەدات کە دەسەڵاتی ئەم وڵاتە چۆن کرێکارانی هێندی لە بازنەی مرۆڤایەتی خستووەتە دەر و ئەوانی کردووەتە کاڵا. ئەم کردەوەیە بەواتای هاودەستی هێند لەگەڵ کۆمەڵکوژی بێپسانەوەی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستینە." لە کانەدا ڕێکخەرانی سەندیکا خۆجێییەکان، بوێرانە چوار کارخانەی بەرهەمهێنانی چەکیان داخست کە چەکیان بە ئیسرائیل دەفرۆشت. کرێکاران هەروەها بۆ یەک ڕۆژ کارخانەکانی بەرهەمهێنانی چەکیان لە "هەمیلتۆن"، "تۆرێنتۆ" و "مۆنترال" و هەروەها شیرکەتی "لاکهید مارتین"یان لە "ئۆتاوا" داخست. لە بریتانیا کەمپەینی کرێکاران بۆ فەلەستینی ئازاد، بە ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی بەرەو ڕۆڵی دەسەڵاتی بریتانیا لە دابینکردنی چەک بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، هەروا بەردەوامە. هەتا ئێستا هەزار کرێکار کارخانەکانی بۆرنمۆوس، لەنکاوی، برایتۆن و گلاسکۆیان مەسدوود کردووە تا بەرهەمهێنانی قەتعەی جێتی جەنگیی F-35 ڕابگرن. بەپێی ڕاپۆرتەکان هەوڵی هاوشێوە لە وڵاتانی فەرانسە، دانمارک و هۆڵەندیش لەئارادایە.

ئەگەرچی لە باروودۆخێکدا کە کۆمەڵکوژی و جەنایاتی جەنگی نەتاناهۆی فاشیست دژبە خەڵکی فەلەستین بەردەوام لەئارادایە، باس کردن لە چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین خۆشبینانە بە نەزەر دەگات، بەڵام هاوپشتیی کرێکارانی ئورووپا لەگەڵ کرێکاران و خەڵکی فەلەستین و بزووتنەوەی نارەزایەتی بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و ئازادی فەلەستینن، چارەسەرکردنی پرسی فەلەستینی خستووەتە ئاسۆوە. بۆ ڕزگاری لەم جینۆسایدە و جەنایاتی جەنگی، ڕێگایەک بوونی نییە بێجگە لە ئەوەیکە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین و هێزە ئاشتیخواز و پێشکەوتنخوازەکان لە ئیسرائیل یەکگرتوانە بە دژی ئەم دەوڵەتە دەستی ڕاستییە ڕاپەڕن. دەسەڵاتێک کە مانەوەی خۆی لە پێشێلکردنی مافی خەڵکی فەلەستین و کوشتاری بەردەوامیاندا دەبینێ. خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین تەنها بە یەکگرتن و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و بە خەباتی یەکگرتووانەی خۆیان و بە ڕاکێشانی پشتیوانی مرۆڤایەتی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە سەرانسەری جیهان و بە سنووربەندی لێبڕاوانە لەگەڵ سیاسەتی دژە یەهوودی ڕەوتە ئیسلامییەکان دەتوانن ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەم وەزعیەتە نابەسامانە لەپێناو گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ وڵاتێک کە لێی دەرکراون و لەپێناو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین لەم وڵاتە بدۆزنەوە. زەمینەکانی ئەم هاوپشتییە فەراهەمە. خەبات و خۆڕاگری گیانفیدایانە، ڕەوابوونی داخوازی و خەباتی خەڵکی فەلەستین، هۆگرایەتیی جیهانی بۆ مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خەڵکی فەلەستین بەخشیوە. لەلایەکی دیکەوە بوونی ناوەند و کۆمەڵی بەرینی کرێکاران و نەوەی لاوی ئاشتیخواز لە ئیسرائیل و هێزی هاوپشتی جیهانی دەتوانێ پرۆسەی ڕزگاری خەڵکی فەلەستین و پێکەوەژیانی ئینسانی خەڵکی ئیسرائیل و فەلەستین خێراتر بکاتەوە. بۆ وەدیهاتنی خواستە ئەساسیترەکانی خەڵکی فەلەستین، پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ یەکەمین هەنگاوی زەروورییە کە دەبێ هەڵبگیرێت. بە پێکهاتن و بە ڕەسمی ناسینی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین چینی کرێکار و خەڵکی بێبەشی فەلەستین بۆ وەدیهاتنی خواستی چینایەتی و ئازادیخوازانەیان و بۆ خەبات دژ بە گەندەڵی کۆنەپەرستانی ناوخۆیی دەکەونە پێگەیەکی گونجاوترەوە.

***

## سەمیرا سەبزیان قوربانیی نیزامی ئاپارتایدی جنسیەتیی ڕژیمی ئیسلامی

بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی مانگی سەرماوەزی ١٤٠٢ حوکمی "سەمیرا سەبزیان"، منداڵ-هاوسەر و دایکی دوو منداڵی ١١ و ١٥ ساڵان کە بەتۆمەتی قەتڵی هاوسەرەکەی ساڵی ١٣٩٣ بە ئێعدام مەحکووم کرابوو، لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج، سەرەڕای هەوڵی چالاکانی مافی مرۆڤ و نارەزایەتی کۆمەڵگەی جیهانی بەڕێوەچوو. سەمیرا سەبزیان لە تەمەنی ١٥ ساڵیەوە ڕەوانەی ماڵی هاوسەر کرا و لە ماوەی ژیانی هاوبەشیدا بوو بە قوربانی توندوتیژیی ناو ماڵ. سەمیرا لە ١٠ ساڵ لەمەوبەرەوە بە تۆمەتی کوشتنی هاوسەرەکەی دەستبەسەرکرا و لە هەموو ئەم ماوەیەدا لە چاوپێکەوتنی منداڵەکانی بێبەری کرا و بۆ یەکەم جار دوای هەموو ئەم ساڵانە بەر لە ئیجرای حوکمی ئێعدامەکەی، توانی منداڵەکانی خۆی ببینێ. کەسوکاری سەمیرا هەوڵیان دا تا لە بنەماڵەی کوژراوەکە ڕەزایەت وەربگرن، بەڵام بەهۆی پێداگری دایک و باوکی، لەم کارەدا سەرنەکەوتن. بەپێی ڕاپۆرتەکان سەمیرا دوای ڕاگوێزرانی بۆ ژووری تاکەکەسی توانای قسەکردن و ڕێگا ڕۆیشتنی لەدەستدابوو. ئەم شەرحی حاڵە کورتە بەڵام ژاناوییە، تەنها گۆشەیەکی چکۆلە لە بەرینایی زوڵم و ستەمێک نیشان دەدات کە لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا بەسەر سەمیرا و هەزاران ژنی دیکەدا سەپاوە.

سەمیرا کە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بە زۆر بەشوو درابوو، لە ماوەی هاوسەرگیرییەکەیدا بەرەورووی توندوتیژی خێزانی بووەوە و هیچ پشتیوانییەکی یاسایی و بنەماڵەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نەبوو. ئەو دە ساڵ لە تەمەنی لەناو زیندان و لە چاوەڕوانیی مەرگدا بەسەربرد و سەرەنجام ژیانی بە قەتڵی دەوڵەتی کۆتایی هات. ڕەوانەکردنی سەمیرا بۆ ماڵی هاوسەر لە تەمەنی١٥ ساڵی نیشانەی ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە هەڵاواردنی ڕەگەزی، بێبەریبوون لە خوێندن و ئیمکاناتی تەفریحی، هەژاری و گەلێک بێمافی دیکەی بەسەردا سەپاوە. هەموو ئەمانەش تەنها بەخاتری ژنبوون و لە سایەی یاسا و سیاسەتی دژژن و دژەئینسانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بووە. ئەمە تەنها داستانی سەمیرا نییە. بەڵکوو بەسەرهات و چارەنووسی هەزاران ژنە کە ساڵانە لە ئێران دەبنە قوربانی توندوتیژی، منداڵ-هاوسەری و قەتڵی

ناموسی.

تەنها لە سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لانیکەم هەواڵی ٤٩قەتڵی ناموسی بڵاوکراوتەوە کە لەم ژمارەیە ٤٥یان لەلایەن هاوسەر، برا، و تەنانەت هاوسەری پێشووەوە ئەنجام دراوە. بێگومان ئاماری واقعی لەوەش زیاترە. چونکە هێندێک لەم قەتڵانە لەژێرناوی خوکوژیدا بڵاوکراونەتەوە و یان زۆریان میدیایی ناکرێنەوە. بەپێی هێندێک لە توێژینەوەکان، ساڵانە ٣٧٥ تا ٤٥٠ قەتڵی ناموسی و یان قەتڵ بەهۆکاری کێشەی بنەماڵەیی ڕوو دەدەن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی خودی ناوەندەکانی ڕژیم، تەنها لە بەهار تا پاییزی ساڵی ١٤٠١ زیاتر لە ٢٠هەزار هاوسەرگیریی کچانی کەمتر لە ١٥ ساڵ تەمەن بەڕێوەچووە و ئاماری منداڵ-هاوسەری لە ساڵی ١٣٩٩ەوە



بەرەو ئەملا بەردەوام زیادی کردووە. هێندێک لە هۆکارەکانی چوونەسەری ڕێژەی منداڵ-هاوسەری لە ئێران، هەژاری و کێشەی ئابووری، باوەڕی فەرهەنگی، و سیاسەتی بردنەسەری جەمعیەت ڕاگەیەندراوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە منداڵ-هاوسەرەکان بە بێ هیچ جۆرە پشتیوانییەکی یاسایی، ئابووری و یان کۆمەڵایەتی بەرەوڕووی هەموو جۆرە توندوتیژییەک دەبنەوە و هەر کات ویستیشیان بۆ دیفاع لە خۆیان کارێک بکەن، تیغی یاسای کۆنەپەرستی و دژەئینسانی ڕژیم گەردنیان دەبڕێت. بەڵام ئەگەر ژنێک ببێتە قوربانی و قاتڵ یەکێک لە پیاوانی بنەماڵە بێت، بێدادگاکانی ڕژیم بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵ دەدەن سزاکەیان بۆ کەم بکەنەوە.

کاتێک دەڕوانینە نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی لەپێناو بەهێزکردنی کلتووری پیاوسالاری و ژێردەستەیی ژن، کاتێک دەڕوانینە توندوتیژیی هەموو ڕۆژێ سەرکوتکەرانی ڕژیم لەسەر شەقامەکان بەدژی ژنان، کاتێک دەڕوانینە یاسای دژی ژنی ڕژیم بۆ نموونە حیجابی ئیجباری، یاسای پێوەندیدار بە هاوسەرگیری و یان چەند هاوسەری، بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ئەوە خودی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە کە توندویتژی بەرامبەر ژنانی لەناو کۆمەڵگادا جێخستووە. ڕژیمی ئیسلامی پەرەپێدەر و هاندەر و هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی ژنانە و بەبێ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نیزامی هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕژیمی ئیسلامی ناتوانین چارەنووسێکی لەوە باشتر بۆ ژنانی ئێران تەسەور بکەین. سەمیرا سەبزیان قوربانی ئەم سیاسەت و یاسایانەی ڕژیمی ئیسلامییە. قوربانی ئاپارتایدی جنسیەتی، قوربانی منداڵ-هاوسەری، قوربانی هەژاری، قوربانی توندوتیژیی سیستماتیک و لە یەک کەلامدا قوربانی زیاتر لە چل ساڵ یاسای هەڵاواردن و یاسای دژەئینسان و دژەژنی حکوومەتی ئیسلامییە. وە سەرەنجام ڕژیمی ئیسلامی ئەم قوربانییەی خۆی دووبارە کردەوە قوربانی ماشێنی ئێعدامەکەی تا شایەد بۆ کەسانی تر ببێتە عیبرەت و بەم قەتڵە عەمدەی، کۆمەڵگا لە ماشێنی کوشتارەکەی بترسێنێ.

بەڵام خەباتی ژنان لەماوەی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی، موقاومەتی بەردەوام و نارەزایەتی و مانگرتنی بێپسانەوە و ڕوو لە گەشەی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، خانەنشینان و توێژە بێبەشەکانی تری کۆمەڵگا، هەر هەموویان نیشانەی ئەوەیە کە جەماوەری خەڵکی ئێران هیچکات بە سیاسەت و جەنایاتی ڕژیم چاوترسێن نەبوون و بەشێوازی جۆراوجۆر بەرەنگاری دەبنەوە. لە بەرابەر جەنایات و سیاسەتی سەرکوتکەرانە و بێمافی داسەپاو، ژنانی ئێران هیچکات تەسلیم نەبوون و ئەژنۆی خەمیان نەگرتووەتە باوەش. ئەوان زیاتر لە چوار دەیەیە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان کردووەتە گۆڕەپانی خۆڕاگری و خەبات لەدژی هەموو ڕەنج و نەهامەتییەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەدران. وە بە ڕۆڵی پێشەنگی خۆیان لە هەموو ئاخێزەکانی کۆمەڵگای ئێران، پێگەی خۆیان وەک هێزێکی گرینگ و دەخاڵەتگەر لە ئێستا و داهاتووی ئێراندا نیشان داوە. بزووتنەوەی ژینا کە پایەکانی ئیدئۆلۆژیکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێکشکاند و بەکردەوە زۆرێک لە یاساکانی هەڵاواردن و دژەژنی خستە ژێر پێوە. ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦ و ٩٨و دەورونەخشی بەچاویان لە نارەزایەتی جەماوەری و مانگرتنی کرێکاری و کۆبوونەوەی خوێندکاران و خانەنشینان، هەر هەموویان نیشانەی خۆڕاگری و خەباتی ماندوویی نەناسانە و تەسلیم نەبوونی ژنانی ئێرانە لە بەرامبەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەرمایەداران. واتە دەسەڵاتێک کە هۆکاری سەرەکی و ڕەگ و ڕیشەی هەموو نەهامەتی و کێشەکانی ژنان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێرانە.

❊❊❊

## بۆچی دەوڵەتی ڕووسیە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تەحقیر دەکات؟

ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی مانگی سەرماوەز "سێرگێی لاڤرۆڤ" وەزیری دەرەوەی ڕووسیە لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی لە مەراکش بەشداریی کرد و بەیاننامەی هاوبەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەی واژۆ کرد. لە بەشێک لەم بەیاننامە هاوبەشەدا سەبارەت بە حاکمیەتی سێ جەزیرەی تۆنبی گەورە، تۆنبی چکۆلە و ئەبوموسا، لەسەر مافی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بەپێی مافی نێونەتەوەیی و جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تۆمارکردنی داوای یاسایی لەدژی کۆماری ئیسلامی تەئکید کراوە و ڕاگەیەندراوە کە ناکۆکی لەسەر بابەتی حاکمیەتی ئەم سێ جەزیرەیە لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان لەوانە "دیوانی نێونەتەوەیی داد" بە لەبەرچاوگرتنی مەشرووعیەتی نێونەتەوەیی چارەسەر دەکرێت.

هەڵبەت ئەمە یەکەم جار نییە کە لەمبارەوە ڕووسیە بە قازانجی ئیمارات هەڵوێست دەگرێ. لە مانگی پووشپەڕدا کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی "شۆرای هاوکاریی کەنداو" لە مسکۆ پایتەختی ڕووسیە بەڕێوەچوو. لەم کۆبوونەوەیەشدا بە بەشداری وەزیری دەرەوەی ڕووسیە بەیاننامەیەکی هاوشێوە واژۆ کرا. لەو بەیاننامەیەشدا وێڕای دەربڕینی پشتیوانی لە هەوڵی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە لەپێوەند لەگەڵ چارەسەرکردنی حاکمیەتی ئەم جەزیرانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لەسەر بڕیاری "دیوانی نێونەتەوەیی داد" تەئکید کرا. لە بەیاننامەیەی کۆتایی کۆبوونەوەکەی مسکۆدا، بەرنامەی پێنج ساڵەی کردەوەی هاوبەش لەماوەی ساڵانی ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٨ واژۆ کرا. بەرنامەیەک کە بەهۆی پڕسوودبوونی بۆ ڕووسیە بەتایبەت لە بارودۆخێکدا کە قەیرانی ئابووری ڕووسیە بەهۆی درێژبوونەوەی شەڕ لە ئۆکراین توندتر بووەتەوە، یەکجار سەمەربەخشە. بەڕێوەچوونی ئەمجۆرە کۆبوونەوانە لەلایەن مسکۆوە و دەربڕینی ئەم هەڵوێستانە سەبارەت بە حاکمیەتی جەزیرەکان، لە حاڵێکدا کە کۆماری ئیسلامی خۆی بە یەکێک لە هاوپەیمانانی ڕووسیە و چین دەزانێ، نیشانەی بایەخنەدانی دەوڵەتی ڕووسیەیە بە کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر دەوڵەتانی عەرەبیدا. سرنج نەدانی ڕووسیە بە موناسباتی دیپلۆماتیک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی دیکەشدا خۆی نیشان داوە. بۆ نموونە ڕووسیە لە ڕێکەوتنی کریدۆری ترانزیتی باکوور-باشوور لەگەڵ ئێران کە لە دوو دەیە لەمەوبەروە واژۆکراوە تەبەعیەتی نەکردووە و بۆ ڕاگواستنی کاڵا لە نێوان ڕووسیە و ئیمارات ئێرانی هەڵنەبژاردووە و هەموو تجارەتی خۆی لەگەڵ ئیمارات لە مەسیری دەریای ڕەش و کاناڵی سۆئێز و دەریای سوورەوە ئەنجام دەدات.

پێویستە بوترێ دەوڵەتی چینیش کە کۆماری ئیسلامی ئیدیعای هاوپەیمانی لەگەڵ ئەم وڵاتە دەکات، سەبارەت بە ناکۆکی لەسەر حاکمیەتی ئەم سێ جەزیرەیە هەڵوێستێکی هاوشێوەی ڕووسیەی هەبووە و لە هەوڵەکانی ئیمارات بۆ حاکمیەتی ئەم سێ جەزیرەیە پشتیوانی کردووە. "شی جین پینگ" سەرۆک کۆماری چین سەرماوەزی ساڵی ڕابردوو لە سەفەر بۆ وڵاتانی دەوڵەمەندی عەرەبی حاشیەی کەنداو بەتایبەت عەرەبستانی سعوودی و ئیمارات، وێڕای واژۆکردنی قەراردادی کەڵانی ئابووری لەگەڵیان، داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد کە لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە دەخاڵەت نەکات و حورمەتی دراوسێیەتی بپارێزێت و پابەند بە قەراردادی ڕێگری لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی بێت و لەگەڵ ئاژانسی نێوەدەوڵەتی وزەی ئەتۆمی هاوکاری بکات.

کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر هەڵوێستی تێکەڵ بە سووکایەتی دەوڵەتی ڕووسیە تەنها ئیقداماتی فۆرماڵی وەک بانک کردنی سەفیری ڕووسیە لە تارانی ئەنجام داوە. هەر ئەووکات "ئیرنا" هەواڵنێری دەوڵەتی ڕژیم ڕایگەیاند کە لە جەریانی ئیحزاری سەفیری ڕووسیە لە تاران کۆماری ئیسلامی لە ڕووسیە داوای کردووە کە هەڵوێستی خۆی بە نسبەت سێ

جەزیرەکە بگۆڕێت. بەڵام تا ئەو جێیەی کە بە تەبلیغاتی رژیم بۆ مەسرەفی داخلی دەگەڕێتەوە هەڵوێستی جیاواز لە زمانی کەسانی دیکەوە بڵاوکرایەوە. ئەکبەر وەلایەتی راوێژکاری کاروباری نێونەتەوەیی خامنەیی رۆژی پێنجشەممە ٣٠ی مانگی سەرماوەز لەم پێوەندەدا وێڕای دەربڕینی نەزەری لاواز و پارێزکارانە وتی کە هێندێک هەڵوێستی رووسیە سەبارەت بە سێ جزیرەکە جێگای داخەو دەبێ رووسیە لە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی زیاتر ورد بێتەوە. رۆژنامەی کۆماری ئیسلامی وێڕای ئاماژە بە هەڵوێستی سیاسی چین و دووبارە کردنەوەی هەڵوێستی رووسیە لە پشتیوانی کردنی لە ئیماراتی عەرەبی لە پێناو حاکمیەتی جەزیرەکان نووسیی: «دوو حەفتە دوای ئەوەیکە پووتین دەستی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی لە کرێملین گوشی، مسکۆ خەیانەتی پێکردین. رووسیە و چین تەنها بیر لە قازانجی خۆیان دەکەنەوە و سەرەرای ژێستی ساختەی



دۆستانە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا هیچ گرینگییەک بە ئێران نادەن.» بەڵام بەم حاڵەوە کۆماری ئیسلامی لە دانی درۆن و کەرەستەی نیزامی و ئەمنیەتی بە رووسیە بەردەوامە و لە دیداری رەئیسی قاتڵ لەگەڵ پووتین هیچ باسێک لە هەڵوێستی ئەم دەوڵەتە سەبارەت بە جەزیرەکان نەکراوە. هەر لەم پێوەندەدا سەرپاسدار موحسین رەزایی "دەبیری شۆرای باڵای هاوئاهەنگی سەرانی سێ دەزگای رژیم" بە هەڵوێستێکی درۆینەوە رایگەیاند: «دەخاڵەتی نادۆستانەی رووسیە لە پێوەند لەگەڵ سەروەری خاکی ئێران نابێ دووپات بێتەوە".

لە رەقابەتە ناوخۆییە جەناحییەکاندا رووی رەخنەکان زیاتر بەرەو دەوڵەتی رەئیسی بوو. بەرێوەبەری پێشووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە پەیوەندی رژیم لەگەڵ چین و رووسیە وتی: "لە کۆبوونەوەکەی شۆرای هاوکاریی کەنداوی فارس لەگەڵ ئۆرووپاییەکانیش رووداوێکی هاوشێوە روویداوە. دۆستانی ئێران گرینگی بە داخوازیی ئێران نادەن و داخوازی دەسەڵاتە رەقیبەکان زیاتر بەلایانەوە گرینگە".

لەڕاستیدا رژیمی کۆماری ئیسلامی لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندی نێونەتەوەییدا تووشی سەرلێشێواویی ستراتێژیک بووە. دەوڵەتی رووسیە بە ئاگاداربوون لە سەرلێشێواویی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی ئامرازەکانی پاراستنی هاوسەنگی لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوە لە دەستی رژیمی کۆماری ئیسلامی دەرهێناوە. ئەم بارودۆخە بەر لە هەموو شتێک رەنگدانەوەی پێگەی ناوخۆیی رژیمی کۆماری ئیسلامییە. رژیمێک کە لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا بۆ رووخاندنی سێ جار کەوتووەتە ژێر گوشاری بزووتنەوەی مەزنی جەماوەری ئێرانەوە و لە بواری ئابوورییەوە لەبەردەم مەترسی وەرشکسەیی دایە، ناتوانێ لەبواری سیاسەتی دەرەوە لە بەرابەر دەسەڵاتە ناوچەیی و جیهانییەکاندا پێگەیەکی لەمە باشتری هەبێت. گوشاری بزووتنەوەی ژینا بە بەرینایی و پۆتانسیەلی شۆڕشگێڕانەی بەجۆرێک چارەنووسی نیزامی ئیسلامی بەرەورووی مەترسی کردووەتەوە کە کادری رێبەری سپا و خامنەیی بۆ دەربازکردنی ئەم نیزامە هەموو هێزی خۆیان لە بەرەی شەڕ لەگەڵ نارازیاندا چڕ کردووەتەوە. سیاسەتی لابردنی گرژی و سازانی مەسڵەحەتگەرایانە لەگەڵ دەسەڵاتە رەقیبە ناوچەییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تا بەر لەم شۆڕشە جەماوەرییە لە هەموو ناوەندە قەیراناوییەکانی ناوچەکە لەگەڵیان دەرگیری شەڕ بوو، سەما کردن لە بەرابەر پووتین و فرۆشتنی پەهباد و ناردنی راوێژکاری نیزامی بۆ بەرەی شەڕی رووسیە و ئۆکراین بە ئامانجی گوشار خستنە سەر ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی رۆژئاوا بۆ ئازادکردنی پووڵی بلۆکەکراو، هاوسەنگی هێزی بە قازانجی دەسەڵاتی رووسیە گۆڕیوە و رژیمی کۆماری ئیسلامی بەمجۆرە خستووەتە پێگەیەکی سووک و لاوازەوە.

***

## کۆڵبەری لە کوردستان، گیان لە گرەوی ناندا

بەپێی راپۆرتەکان رۆژی دووشەممە ٢٧ی مانگی سەرماوەزی ١٤٠٢ بەهۆی تەقەی بەکرێگیراوانی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سنووری باشماخی مەریوان کۆڵبەرێک بەناوی "عەلی قادری"، تەمەن ٥٢ ساڵ و خەڵکی گوندی "زنوری" سەربە شاری سنە گیانی لەدەستدا. هەر لە رۆژی دووشەممەدا لە ناوچەی سنووری "هەنگەژاڵ"ی بانە کۆڵبەرێک بەناوی "ئومێد ئیلاهی" تەمەن ٢٤ ساڵ و خەڵکی شاری سەقز لە ناحیەی پشت و کەمەرەوە گولەی بەرکەوت. شەوی هەمان رۆژیش دوو کۆڵبەر بەناوەکانی "ئارمان ئەحمەدی" و "کۆسار پەتیام" هەر دووکیان خەڵکی گوندی "دشە"ی سەربە شاری پاوە بەهۆی تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی رژیم لە ناوچەی سنووری "نەوسوود" بریندار بوون. رۆژی سێشەممە ٢١ی مانگی سەرماوەز، دوو کۆڵبەر بەهۆی تەقەی راستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە ناوچەی سنووریی "هەنگەژاڵ"ی بانە بریندار بوون. ناسناوی ئەم کۆڵبەرانە "کەیوان ئەحمەدی" تەمەن سی و چوار ساڵ و خەڵکی سەقز و "مەحموود کامرانی" بیست و یەک ساڵ و خەڵکی شارستانی دیواندەرە راگەیەندراوە. لە هەمان رۆژی ٢١ی مانگی سەرماوەزدا، کۆڵبەرێکی دیکە بەهۆی تەقەی هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیم لە ناوچەی سنووری نەوسوود بریندار بوو. رژیمی ئیسلامی بە نیگای ئەمنیەتی و میلیتاریزە کردنی سنوورەکان و بە درووستکردنی ژمارەیەکی زۆر بورجی دیدەبانی بۆ کوشتنی کۆڵبەران، کوردستانی کردووەتە قەتڵگای ئەم ئینسانە شەریف و زەحمەتکێشانە. هەموو حەفتەیەک هەواڵی کوژرانی کۆڵبەرانی بێدیفاع لە ناوچە سنوورییەکان، بنەماڵەی قوربانییان و خەڵکی ئەم ناوچانە نوقمی غەم و پەژارە دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە رەشبگیری، ئەشکەنجەی کۆڵبەران و تەنانەت شاردنەوەی تەرمەکانیان، بووەتە رەواڵی کاری هەمیشەیی هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامییەکانی رژیمی ئیسلامی لەم ناوچانە.

کرێکاری کۆڵبەر لە کوردستان بۆ پەیداکردنی تیکەیەک نان، بێجگەلە مەترسی مەرگ بەهۆی تەقەی راستەوخۆی بەکرێگیراوانی رژیمی ئیسلامی، پێویستە مەترسی کەوتنە خوار لە بەرزایی، خنکان لەناو رووبار، مردن لەناو بەفر و بۆران، کەوتنە سەر مینی بەجێماوی شەڕی ئێران و عێراق مەترسی لەژیانیانیان دەکات. واتە کۆڵبەر دەبێ گیانی بخاتە گرەوی نان. بەشێکی زۆر لەو کۆڵبەرانەی کە لەژێر سایەی مەرگدا لە



سنوورەکان خەریکی کاری گواستنەوەی بارن، لە واقعدا هێزی کاری ئەجیرکراوی بازرگان و دەڵاڵێکن کە لە شار و گوندە سنوورییەکاندا نیشتەجێن. ئەوان لە خاڵێکی سنوورییەوە کاڵا و کەلوپەل وەردەگرن یان هەناردەی شوێنێکی تری دەکەن و بەبێ ئەوەی هیچ مەترسییەک هەرەشەیان لێ بکات، زۆرترین قازانج دەخەنە گیرفانی خۆیانەوە و کرێیەکی زۆر کەمیش دەدەن بە کۆڵبەرەکان. لەماوەی ساڵانی رابردوودا رکوودی بەرینی ئابووری لە ئێران و بەربەستە ماڵییەکانی کۆماری ئیسلامی، بووەتە بزوێنەرێک بۆ بازرگانی کردنی کاڵای "قاچاغ" لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان. لەم ساڵانەدا هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری لە شارەکانی کوردستان ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران روویان کردووەتە کۆڵبەری و هەر ئەندازەش ژمارەی کۆڵبەران زیاتر بووە حەقدەستە کەمەکەیان کەمتر بووەتەوە. ئەوان بۆ وەدەستهێنانی نان وبژیوی بنەماڵەکەیان ناچارن کۆڵبەری بکەن و هەر ئەو جەبری نانەشە وایان لێدەکات کە بەرەوپێری ئەو مەترسی و دژوارییانە بچن. بەڵام ئەگەر چوونەسەرەوەی ژمارەی کۆڵبەران دەبێتە هۆی هاتەخواری لە رادەبەدەری حەقدەستەکانیان، لە بەرامبەردا، کەسب و کاری بەشێك لە بورژوا ـــ بازرگانەکانی کورد، پڕ رەونەقتر دەکات. ئەوان بۆ وەدەستهێنانی قازانجی زیاتر، کایە بە گیان و ژیانی کۆڵبەران دەکەن.

لەژێر دەسەڵاتی رژیمی کۆماری ئیسلامیدا، کۆڵبەری و

هەنگاو هەڵگرتن لە جادەکانی مەرگ بۆ بەدەستهێنانی نان، "پیشە" بە ئەژمار دێت. دەوڵەتانی ئەحمەدی نەژاد، ڕووحانی و ڕەئیسی لە حاڵێکدا بەڵێنی پەرەپێدان و باشترکردنی پیشە لە کوردستان دەدەن کە شارەکانی کوردستان لە بواری فاکتۆری گەشەی ئابوورییەوە لە زومرەی ناوچە بێبەشەکانی ئێران ئەژمار دەکرێن و لە بواری زۆربوونی ڕێژەی بێکاری بەتایبەت ئۆستانی کوردستان، یەکێک لە پێنج ئۆستانەکانی ئەوەڵی ئێرانە و نزیکەی ٥٢ لەسەد لە لاوان لەم ئۆستانەدا بێکارن. لاوازبوونی ژێرخانی ئابووری لە هەموو بوارەکان، نەبوونی بەرنامەی درێژماوە بۆ پێکهێنانی پیشەی پایەدار و هەڵاواردنی بەرین لە تەرخانکردنی بوودجەی پێویست بۆ ئۆستانی کوردستان، بووەتە هۆی پەرەسەندنی هەژاری و ڕێژەی باڵای بێکاری. بەهۆی ئەم سیاسەتەوە نەتەنیا بۆشایی چینایەتیی نێوان هەژاری و سەروەت یەکجار قووڵتر بووەتەوە، بەڵکوو لە ناوچەکانی غەربی ئێران دیاردەی کۆڵبەری، کە لە بێکاری و نەبوونی پیشەی پایەدارەوە سەرچاوە دەگرێت، پەرەی سەندووە. بێجگەلە ستەمی چینایەتی، سیاسەتی سیستماتیک و پڕ لە جیاوازی و هەڵاواردنی حکوومەتی ئیسلامی دژبە خەڵکی کوردستان بووەتە هۆی پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری، و جەمعییەتێکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەتایبەت لە شارە سنوورییەکان بێجگەلە کۆڵبەری ڕێگایەکی دیکەیان بۆ دابینکردنی پێداویستییە لانیکەمەکانی ژیانیان نییە.

پێداگریی ڕژیمی ئیسلامی لەسەر درێژەدان بە سیاسەتی شۆڤێنیستی و نیگای ئەمنیەتی بە کوردستان، زەمینەی عەینی درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی فەراهەم کردووە. واتە ئەو بزووتنەوە ڕادیکاڵەی کە کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنانی ستەملێکراو و کۆڵبەرانی کوردستان بزوێنەرین. بزووتنەوەیەک کە ئەم بێبەشی و بێمافییانە بە چارەنووسی حەتمیی ئینسانی ستەمدیدە نازانێت و دەیهەوێ کۆتایی بە هەموو ئەم نەهامەتی و بێبەشی و ستەمگەرییە بێنێت. بزووتنەوەیەک کە بە هیمەتی جەرەیانی سۆسیالیستی، دەسەڵاتی شۆرایی خەڵکی کوردستانی خستووە ئاسۆوە. بێگومان جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لەم خەباتە شۆڕشگێڕانە و مافخوازانەیەدا بەتەنیا نین. کرێکارانی سەنعەتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی، کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان، کرێکارانی فوولاد و هەفت تەپە، پەرستاران، مامۆستایان، خانەنشینان و خەڵکی زەحمەتکێشی شوێنەکانی تری ئێران کە لە دەسەڵاتی ئیسلامی وەگیان هاتوون و لە خەبات لەپێناو دابینکردنی ژیان و بژێویان هیچیان بۆ لەدەستدان نییە، لە ڕیزی چینایەتیی کۆڵبەراندان. چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران پێویستە ئاشناکردنی هەرچی زیاتری کرێکارانی ئێران و بیروڕای گشتی لەگەڵ بارودۆخی پڕلە مەترسی "پیشە"ی کۆڵبەری و دەرد و ڕەنج و خەباتی مافخوازانەی کۆڵبەران بە ئەرکی خۆیان بزانن. پێویستە بەدژی کوشتاری کۆڵبەران و بۆ دیفاع لە مافی ئینسانی هاوچینەکانی خۆیان، لە هیچ هەوڵێک دەریغ نەکەن.

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# بژی مانگرتن!

# پێویستە لە کرێکارانی خەباتکاری فوولادی ئەهواز پشتیوانی بکەین

دوای ئەوەیکە "عەلی محەممەدی" مودیر عاملی کارخانەی گرووپی میللی سەنعەتی فوولادی ئەهواز چوونی ٢١کرێکاری خەباتکاری بۆناو شیرکەت قەدەغە کرد و گەڵاڵەی ڕیزبەندی پیشەی بەڕێوەنەبرد، بەیانی ڕۆژی شەممە ٢ی مانگی بەفرانباری ١٤٠٢ کرێکارانی گرووپی میلیی فوولاد بۆ جارێکی تر دەستیان دایە مانگرتن. بەدوای پەرەسەندنی مانگرتن بۆ هەموو بەشەکانی هێڵی بەرهەمهێنان، کرێکارانی مانگرتوو کە پێشتریش بە مودیری عاملی شیرکەت لەئاست لابردنی قەدەغەی هاوڕێیانی هاوکاریان و ئیجرای تەواوی گەڵاڵەی ڕیزبەندی پیشە هۆشداریان دابوو، بەهۆکاری جێبەجێ نەکرانی خواستەکانیان، سەرەتا لە بەرامبەر دەفتەری بەڕێوەبەرایەتی و پاشان لە بەرامبەر دەفتەری جێگری فەنی شیرکەت کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد.

وە بە دوای ئەمەدا لە حەرەکەتێکی یەکگرتووانەدا عەلی محەممەدی، مودیری عاملی شیرکەتیان لە شوێنی کارەکەیان ڕاونا. کرێکارانی فوولاد دوای ڕاونانی بەڕێوەبەری شیرکەت، بەمەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی خەڵک لە کارخانەوە تا مەیدانی بەقایی، سەرەتای جادەی ئەهواز - خورەمشار ڕێپێوانیان کرد و بە دروشمی بەهێزی کرێکارانی فوولاد بەرەنگاری زوڵم و بێداد دەبینەوە"، "سفرەمان خاڵیە، زوڵم و ستەم کافیە" دووبارە بەرەو کارخانە گەڕانەوە.

کرێکارانی ناڕازیی فوولاد بە ڕێپێوان و ڕاگرتنی بەرهەمهێنان لێبڕاوانە لەسەر لابردنی قەدەغەی هاوکارانیان و ئیجرای دەستبەجێ و کامڵی گەڵاڵەی ڕیزبەندیی پیشە پێداگرییان کرد و ڕایانگەیاند کە بە یەکگرتوویی و هاوپشتی هەتا وەدیهێنانی خواستەکانیان لە خەباتیان بەردەوام دەبن. بەڵام لە کاردانەوە بە مانگرتنی کرێکاران، بەڕێوەبەرایەتی شیرکەت بە هاوکاریی هێزەکانی حەراسەت کارتی چوونەژووری ١٧ کرێکاری دیکەشیان مەسدوود کرد و بەمجۆرە هەتا ئێستا ٣٨ کرێکار بە هۆی پێداگری لەسەر خواستەکانی خۆیان و هاوکارانیان لە کار تەعلیق کراون. ئەم کردەوە سەرکەوتگەرانەیەی خاوەنکار بوو بەهۆی ئەوەیکە کرێکارانی مانگرتوو ڕۆژانی یەکشەممە سێهەم و دووشەممە چوارەمی مانگی بەفرانبار لەسەر درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتییان هەتا گەیشتن بە خواستەکانیان پێداگری بکەن. کرێکارانی گرووپی میللی سەنعەتی فوولادی ئەهواز بە مانگرتن و ڕێپێوانی شکۆداری خۆیان کە دیمەنێک لە خەباتی ڕوو لە گەشەی کرێکارانە، وەرزێکی تازەیان لە ئیتحاد و هاوپشتی و خەبات بۆ بەدواچوونی خواستەکانیان دەستپێکردووە. مانگرتنی کرێکارانی فوولادی ئەهواز و مانگرتنی باقی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان نیشانی دەدات کە لە جەرگەی بارودۆخی قەیراناویی کۆمەڵگا، گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران حەتمی و چارەهەڵنەگرە. چونکە نە ڕژیمی ئیسلامی وڵامێکی بۆ داخوازیی کەڵەکەکراوی کرێکاران هەیە و نە کرێکاران هیچ ڕێگایەکیان بۆ پاشەکشەکردن هەیە. پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتن و ڕاگرتنی بەرهەمهێنان لەئاستی گشتیدا، تەنها ڕێگای ڕزگاریی کرێکاران لەم بارودۆخە فەلاکەتبارەی ئێستایە.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان وێڕای پشتیوانی لە مانگرتن و خواستی ڕەوای کرێکارانی کارخانەی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هێزە پێشکەوتنخوازەکان بانگەشەی پشتیوانی لە مانگرتن و داخوازی کرێکارانی فوولادی ئەهواز دەکات. شۆرا، قەدەغەکردنی چوونەژووری کرێکاران، هەموو جۆرەکانی هەڕەشە و دەرکردن و بەربەست نانەوە بەدژی کرێکارانی مانگرتووی فوولادی ئەهواز بەتوندی مەحکووم دەکات و خوازیاری گەڕانەوە سەر کاری دەستبەجێی هەموو ئەوکرێکارانە کە ئاستەنگیان بۆچوون بۆناوکارگە بۆدروست کراوە.

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم!

٤ی بەفرانباری ١٤٠٢ – ٢٥ی دێسامبری ٢٠٢٣

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری - حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

## راگەیاندنی دەنگی سەربەخۆی کرێکارانی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز

### مانگرتنی شکۆمەندی ئێمە لە وەرزێکی نوێ لە هاوپشتی و یەکگرتوویی کرێکارانی ئەم بەشە گەورەیەدا، بەهێزەوە بەردەوامە.

لەم شەش ڕۆژەدا هەموو ئۆرگانەکانی دەسەڵات بەپێی بەشیان لە تاڵانکردنی ئەم شیرکەتە، چاویان لە ناڕەزایەتیی ئێمە بڕیوە. ئەوان هەموو ڕێگایەکیان بەکارهێنا تا بە دروستکردنی تەفرەقە، بە سست کردنی ئیرادەی پۆڵایینی کرێکاران لەڕێگەی بەڵێنی پووچ و بێبنەما و گوشاری ئەمنیەتی و نیزامی داخوازییەکانمان بخەنە پەراوێزەوە.

لە بەرامبەردا، ئەوە ئێمە بووین کە بە کۆبوونەوەی پڕگڕوتین، بە کردەوەی هاوئاهەنگ، بە پێکهێنانی مەجمەعی عوومومی و بە هاوفکری و هاودڵیی جەمعی، بەرەنگاری هەموو ئەم تاکتیک و بەڵێنە پووچانە بووینەوە. هەر لێرەوە ڕایدەگەیەنین کە ئەگەر قەرار بێت گرووپی میللی بکەنە گرێی میللی، بە دەنگی ڕەساتر و بە ڕێکخستنی دیاریکراوی خۆمان لەڕێگەی بڕیاری بەکۆمەڵی سێ هەزار کەسیمان، ئەهواز و خووزستان دەخەینە لەرزە.

خانەنشینان و کرێکارانی ئازیز!

ئێوەش بە خواست و دەغدەغەی هاوبەشەوە ڕێگایەک بێجگە لە ئیعتڕازات لەئاستی شەقام و شارەکاندا لەبەر دەستتان نیە.

دەوڵەتی ناکارامە و مافیای ئابووری دەست لەناو دەستی یەک لەڕێگەی تاڵانکردنی سەرچاوەی نەتەوەیی و سندووقە ماڵیەکان هێرشێکی بێوێنەیان کردووەتە سەر ژیان و گوزەرانمان.

ئێمە بۆ پێشخستنی داخوازییە کرێکارییەکان پێویستمان بە پشتیوانی برایان و خوشکانی شاغڵ و خانەنشین هەیە. هەروەک هەموو مانگرتنەکانی پێشوو هاتووین تا لە ئەگەری درێژەی هەڕەشە و بایەخ نەدانی بەرپرسان، شان بە شانی هەموو کرێکاران و هاوکارانی سەنعەتگەر و خانەنشینی کشوەری و تەئمینی ئیجتماعی، تۆفانێک لە مافخوازی بخەینە ڕێ.

هەروەک دەزانن ئێمە کرێکارانی فوولاد لەدژی ستەم و بێداد بەشەڕ دێین.

دەنگی سەربەخۆی کرێکارانی گرووپی میلیی فوولادی ئەهواز

٧ی بەفرانباری١٤٠٢

❊❊❊

## بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان :
## لە مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکارانی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز پشتیوانی بکەین!

کرێکارانی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز دووبارە دەستیان داوەتەوە دەربڕینی ناڕەزایەتی. ئەوان بە ڕاگەیاندنی دووبارەی خواستە جێبەجێ نەکراوەکانیان لە لایەن خاوەنکار و بەڕێوەبەرایەتی، ڕق و تووڕەیی خۆیان لەئاست بەڕێوەبەر و خاوەنکار و دەوڵەتی پشتیوانیان نیشان دا. کرێکاران لە سەرەتای ناڕەزایەتییەکانەوە، لە کارخانە و لە جادەی خورەمشار کە لە باشووری ڕۆژئاوای شیرکەتە، هەروەها لە مەیدانی بەقاییەوە کە لە درێژەی ئوتوبانی گوڵستاندایە، بە هەنگاوی قورس و قایم ڕێپێوانی ناڕەزایەتی بەڕێوە دەبەن. کرێکاران لەم ڕێپێوانە ئیعتڕازییەدا ئەم دروشمە دەڵێنەوە: "ئێمە کرێکاران لە چەشنی ئاسنین، ڕیشەی زوڵم هەڵدەکەنین". هاوڕێیانی کرێکاری ئێمە کە دەنگی ڕەسایان دەگاتە ئاسمان، بە بێ ترس لە ڕیزی چەکمەپۆشانی سەرکوتکەر، مافە ڕەواکانیان گەلاڵە دەکەن.

گرینگترین خواستەکانی کرێکاران بریتین لە:

- لابردنی قەدەغەی چوونەژووری کرێکارانی تەعلیقکراو بۆ ناو شیرکەت و گەڕانەوە سەر کاری کرێکارانی دەرکراوی پێشوو.
- هاوسانسازیی حەقدەستەکان بەپێی حەقدەستی کرێکارانی شیرکەتەکانی فوولادی دەوروبەر و بەپێی خەرجی ژیانی بنەماڵەیەکی چوار کەسی کە بۆ ساڵی ١٤٠٢ نابێ لە ٣٠ ملیۆن تمەن کەمتر بێت.
- بەڕێوەبردنی تەواو و دەستبەجێی ڕیزبەندیی پیشە کا ن .
- قەراردادی بوونی سەرجەم کرێکارانی شەفەق.
- لەسەرکارلاچوونی بەڕێوەبەری گشتیی گەندەڵ و ئەستاندنەوەی خاوەنداریەتی لە بانکی میللی.
- بەشداریی کرێکاران لە بەڕێوەبردنی شیرکەت و شەفافیەتی تەرازنامەی ماڵیی شیرکەت کە هی خەڵک و هەموو کۆمەڵگایە.

ئەم خواستانە ساڵەهایە کە لەلایەن خاوەنکار و بەڕێوەبەرایەتی شیرکەتەوە بێدەنگەیان لێکراوە و هەرگیز وڵامێکی ڕوونیان بە کرێکاران نەداوەتەوە. زۆرێک لەم کرێکارانە کە ئێستا بوێرانە لە بەرامبەر محەممەدی بەڕێوەبەری گەندەڵی گرووپی میللی فوولاد و بانکی میللی کە خاوەنداریەتیی کارخانەی پێ ئەسپێردراوە، ڕادەوەستن و خوازیاری بێدەسەڵاتکردنی بەڕێوەبەرایەتین، لە نەسلی کرێکارانێکی لاون کە دەرسی خەبات لە کرێکارانی تێکۆشەر و خەباتکاری پێش خۆیانەوە فێربوون. لەیادمانە لە دەیەی حەفتادا لوولەسازی ئەهواز لەلایەن دەوڵەت و بەشی خسووسییەوە داخرا و کرێکارانی دەرکران. کرێکاران بۆ ڕێگری لە چارەنووسێک کە دەیانویست بەسەریاندا بسەپێنن، چەندین مانگ لەسەر شەقامەکان لە حاڵی دەربڕینی ناڕەزایەتیدا بوون. لەم ناڕەزایەتییانەدا بەهۆی نابەرپرسبوونی مەسئوولان و وڵام نەدانەوەیان، کرێکاران دەرگای ئۆستانداری خووزستانیان دەرهێنا و چوونە ناو ساختمانی ئۆستانداریەوە.

کارخانەی لوولەسازی یەکێک لە کارخانەکانی ناوەندی سەنعەتی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز بوو کە دوای داخرانی، ماشێن ئالاتی ئەم کارخانەیان هاوشێوەی ئاسنی کۆنە و خراپ فرۆشت. هەروەها لەبیرمانە ساڵی ٩٦ کرێکارانی گرووپی میللی فوولاد، شەقامی نادری و شەقامی "ئیمام" کە لە ناوەڕاستی شارن، کردیانە مەیدانی خەباتی خۆیان و تەنانەت ناڕەزایەتییەکانیان بەرەو شوێنی نوێژی جومعە برد و ئیمامی جومعەی ئەهوازیان دایە بەر ناڕەزایەتی و بە دوژمن



وەسفیان کرد. ئێستاش ئەم نەسلە لە کرێکارانی گرووپی میللی مافی خۆیانە کە بە دەربڕینی ناڕەزایەتی و مانگرتنی خۆیان بەرهەمهێنان ڕابگرن و بەڕێوەبەرایەتی، گەندەڵ بە دوژمنی خۆیان ناوزد بکەن. چونکە دەزانن بەهۆی نابەرپرسبوون و قازانجپەرستیی خاوەنکار و مودیریەت، ئەگەر بۆ خواستەکانیان تێنەکۆشن، بێگومان چارەنووسی کرێکارانی لوولەسازییان چاوەڕێیان دەکات . ئیعتڕازی ئەمڕۆی کرێکاران داکۆکیکردن لە ناسنامەی چینایەتی و مافی ژیانی خۆیانە. درێژەی ئەم ناڕەزایەتییانە نەتەنها خوێندنگەی خەباتە بۆ کرێکارانێک کە لە گرووپی میللی فوولاددا کار دەکەن، بەڵکوو دەرس و ئەزموونێکی کردەوەییە بۆ کرێکارانی ناوەندی فوولادی خووزستان، میللی حەفاری، شیرکەتی نەوت، شیرکەتی گاز و پێترۆشیمی و کرێکارانی هەموو کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان کە لە موناسباتی سەرمایەداری و لە نیزامی سیاسی و ئابووریی زاڵدا لە مافە ڕەواکانیان بێبەرین. کرێکارانی وشیار و بوێری گرووپی میللی لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی خۆیان کە کۆمەڵێک لە هاوکاران تێیدا بەشداربوون سەبارەت بە چارەنووسی خۆیان هاوفکرییان کرد و بۆ دەربڕینی ئامانجەکانی خۆیان و ناڕەزایەتییەکانیان وتاریان پێشکەش کرد و بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد. ئەم گۆڕینەوەی نەزەرانە لەپێناو پێشخستنی خەبات بابەتێکی زۆر شایستە و پێویستە.

بەڵام شایستەتر ئەوەیە کە هاوڕێیانی کرێکار ئەم دۆخە بە غەنیمەت بزانن و لە حزووری ئەم کۆمەڵە مەزنەی خەباتکاران کە لەڕاستیدا مەجمەعی عموومی ئەوان بەحیساب دێت، خواستی پێکهێنانی سەندیکا یان یەکیەتیی کرێکارانی گرووپی میللیی فوولاد گەڵاڵە بکەن. چونکە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری ئامرازی دەسەڵاتی دەستەجەمعی کرێکارانە.

ئێمە واژۆکارانی ئەم بەیاننامەیە لە ناڕەزایەتی و مانگرتنی ئێوە پشتیوانی دەکەین و بۆ پاراستنی هاوپشتی لەگەڵ هاوچینەکانمان لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک دەریغ ناکەین.

٧ی بەفرانباری ١٤٠٢

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە

گرووپی یەکیەتیی خانەنشینان

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

***

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان:

## تاوانی دژەئینسانیی ڕژیمی تورکییە بەدژی خەڵکی کوردستانی سووریە بەتوندی مەحکووم دەکەین!

کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا لە بارودۆخێکدا کە جەنایاتی ڕژیمی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی غەززە کاریگەریی بەرینی لەسەر بیروڕای گشتیی جیهان داناوە، ڕژیمی فاشیستی تورکییە بەئامانجی وێرانکردنی زیاتری ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی سووریە، هێرشی ئاسمانی و زەمینیی بۆسەر ئەم ناوچەیە پەرەپێداوە و لە کردەوەیەکی جەنایەتکارانەدا بە بەکارهێنانی توپخانە و درۆن، ناوەندە خزمەتگوزاری و دەرمانییەکانی لە شار و ناوچەکانی قامیشلوو، کۆبانی، عەفرین و ... بۆردومان کردووە. بەرینایی هێرشی تاوانکارانەی ئەرتەشی تورکییە لەئاستێکدا بووە کە زۆرێک لە کارگاکان و ناوەندەکانی دەرمان و بەرهەمهێنانی ئۆکسیژێنی پێویستی دەرمانخانە و نەخۆشخانەکان و تەنانەت نانەوایی و ماڵی خەڵکی ئاسایی کراوەتە ئامانج. شەوی سێشەممە بەهۆی هێرشی ئەرتەشی داگیرکەر و فاشیستی تورکییە نەخۆشخانەی مانگی سووری کۆبانی وێران بوو. بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووەوە هەتا ئێستا لەئاکامی بۆردومانەکانی ئەرتەشی جەنایەتکاری تورکییە هەشت کەس لە خەڵکی ئەم ناوچەیە گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە ٢٠ کەسیش بریندار بوون.

لە هەمووان ئاشکرایە کە ئەم هێرشە جەنایەتکارانەیەی ڕژیمی فاشیستی ئەردۆغان و ئەرتەشی تورکیە بۆسەر خەڵکی کوردستانی سووریە لە بارودۆخێکدا ئەنجام دەدرێت کە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ئەم ناوچەیە و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە چەندین ساڵ لەمەوبەرەوە لە جەریانی بەرەنگاربوونەوە دژبە هێزەکانی داعش، لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لە حاڵەتێکی هاوپەیمانیدان. ئەرتەشی ئەمریکا بە حزووری جیددی خۆی و بە دروستکردنی چەندین پایەگای جۆراوجۆر لەم ناوچەیە، هیچ جمۆجۆڵێکی نیزامی لای شاراوە نییە. کەوابوو بێگومان هێرشی جەنایەتکارانەی ئاسمانی و زەمینیی ئەرتەشی تورکییە بە بێ ئاگاداری و بە بێ ڕەزایەتی ئەرتەشی ئەمریکا نەیدەتوانی ئەنجام بدرێت. لە وەها بارودۆخێکدا ڕشتنی فرمێسکی درۆیین ڕژیمی فاشیستی تورکییە بۆ خەڵکی غەززە لە حاڵێکدا کە خۆی جەنایاتی هاوشێوەی ڕژیمی جەنایەتکاری ئیسرائیل لەدژی خەڵکی کوردستانی سووریە ئەنجام دەدات، قیزەون و یەکجار دووڕوویانەیە.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان وێڕای ڕاگەیاندنی هاودەردی لەگەڵ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانی سووریە و مەحکوومکردنی سیاسەتی دەخاڵەتگەرانە و ئیمپریالیستیی ئەمریکا، هێرشی جەنایەتکارانەی ئەرتەشی تورکییە بۆسەر خەڵکی کوردستان بەتوندی مەحکووم دەکات. شۆرا، لە بیروڕای گشتیی پێشکەوتنخوازی ناوچەکە و جیهان چاوەڕوانی ئەوە دەکات دژبە تاوانی شەڕی دەسەڵاتی تورکییە لەم ناوچەیە هەڵوێست بگرن و بەتوندی سەرکونەی بکەن و پشتیوانی خەڵکی ئەم ناوچەیە و دژی هەموو جۆرە داگیرکارییەکی ناوچەیی و جیهانیی دەوڵەتانی سەرمایەداری بن.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ کۆمۆنیستەکانی کوردستان

٢٨ی دیسامبری٢٠٢٣

٧ی بەفرانباری ١٤٠٢

***

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان: بژی مانگرتنی کرێکارانی گرووپی میللیی فوولادی ئەهواز!

قۆناغێکی تازە لە ناڕەزایەتیی کرێکاران، مامۆستایان و خانەنشینان دژبە ڕژیمی سەرمایە لە ئێران دەستیپێکرووە. لە ڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتە، کرێکارانی فوولاد لە ڕۆژی یەکشەممە ٣ی مانگی بەفرانبارەوە بە ناڕەزایەتی و ڕاگەیاندنی مانگرتن لەدژی سیاسەتی دژەکرێکاریی خاوەنکار و دەوڵەتی پشتیوانیان هاتوونەتە مەیدان و بۆ جارێکی تر گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگایان ئاگاداری هاوپشتی و پێداگری لەسەر خواستەکانیان کردووە.

مانگرتنی کرێکارانی فوولاد، وڵامی کرێکارانە بە دەرکردنی ژمارەیەک لە هاوکارانیان، بە بێلاتەکلیفی کۆمەڵێکی بەرینیان، وڵامی کرێکارانە بەدژی پیلانگێڕی خاوەنکاران لە بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی ڕیزبەندیی پیشەکاندا. کرێکاران بە داخستن و بە کۆنترۆڵکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ یەکگرتووانە و بەکریز، ڕۆژی چوارشەممە چواری مانگی بەفرانبار لە شاقامەکانی شار دەستیان کرد بە ڕێپێوان و لەدژی دەوڵەت و خاوەنکاران و بانکی میللی دروشمیان دەدا.

دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕژیم لەوانە ئیتلاعات بە هەڕەشە و بە شێوەی هەمیشە بەتەمای سەرکوتی ناڕەزایەتی کرێکاران بوون بەڵام لەگەڵ موقاوەمەت و پێداگری ئەوان ڕووبەڕوو بونەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدا کە ئیفلاس و قەیرانی ئابووری سەرتاپێی داگرتووە، بۆ چوونەدەر لەم قەیرانانە، هێرش کردنە سەر ژیان و گوزەرانی کرێکارانی خستووەتە دەستووری کاریەوە. بەڵام لە بەرامبەردا و لە هەلومەرجی نالەباری ئابووریی ئێستادا، بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاری ئێران بۆ دیفاع لە مافەکانی خۆیان لە زۆربەی ناوەندە کرێکارییەکان بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی ڕیزبەندیی پیشەکان و بردنەسەری حەقدەستیان خستووەتە سەرووی هەموو داخوازییەکانیان.

پشتیوانی بەشەکانی دیکەی چینی کرێکار لە مانگرتنی کرێکارانی فوولاد دەتوانێ ڕژیمی سەرمایەداران ناچار بە قەبووڵکردنی خواستی کرێکارانی فوولاد بکات و بە خەباتی کرێکاری هێز و توانایەکی زیاتر ببەخشێ. هاوپشتی کرێکاری بەتایبەت لەم ڕۆژانەدا کە خانەنشینان لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران و کوردستان ڕۆژانە لە بەرابەر ئیداراتی دەوڵەتیدا دەست دەدەنە ئیعتراز، ئامرازێکی کاریگەری چینی کرێکارە لەدژی تاڵانکەران و ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان وێڕای پشتیوانیکردن لە مانگرتنی کرێکارانی فوولاد و ناڕەزایەتی بەردەوامی خانەنشینان، کرێکاران و هەموو ڕێکخراوە خەباتکار و ئازادیخوازەکان بانگەشەی پشتیوانی لە مانگرتنی کرێکارانی فوولاد دەکات. هاوپشتی سەرانسەریی چینی کرێکار زامنی دەسەڵاتی زیاتر و وەدیهاتنی داخوازییەکانی

خەباتی ئێستای کرێکارانە. چینی کرێکار لە کوردستان تەنها بە پشتیوانی لە خەباتی کرێکاران لە سەرانسەری ئێران و بە ڕاکێشانی پشتیوانی ئەوان دەتوانێ داخوازییە ڕەواکانی خۆی بەسەر دەوڵەت و سەرمایەدارانی کوردستاندا بسەپێنێت.

بژی هاوپشتیی سەرانسەریی کرێکاران!

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی!

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

٦ی بەفرانباری ١٤٠٢

٢٧ی دێسامبری ٢٠٢٣

***

## پێویستی پێکهێنانی شۆرای هاوکاریی چالاکان و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی بزووتنەوەی کرێکاری

ڕۆژی شەممە ٩ی مانگی بەفرانباری ١٤٠٢ دەنگی سەربەخۆی کرێکارانی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز لە ڕاگەیاندنێکدا ڕایگەیاند: «لە هەشتەمین ڕۆژی مانگرتنی بەهێزی ئێمەدا، نوێنەرانێک کە بە خەرەدی جەمعی و بە هێزی یەکگرتوویی سێ هەزار کەس لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون، توانیمان بەشێکی گرینگ لە داخوازییەکانی مانگرتن بەشێوەی خوارەوە بەدەست بهێنین:

- بەڕێوەبردنی تەقریبەن نیوەی گەڵاڵەی ڕیزبەندی پیشەکان بۆ هەموو کرێکاران بە ئەرزشی ١٠ ملیۆن تمەن مانگانە بەشێوەی عەلەلحیساب تا بەڕێوەچونی تەواوی ئەم گەڵاڵەیە.
- ئازادکردنی کارتە مەسدوودکراوەکان و گەڕانەوە بۆسەر کاری ٣٨ کەس لە هاوکارانی مافخوازی تەعلیقکراو.
- تەرخانکردنی بڕی گەڵاڵەکراو بە کرێکارانی شیرکەتی شەفەق.»

دەنگی سەربەخۆی کرێکارانی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز هەروەها لەم ڕاگەیاندنەدا پێداگریی کردووە کە "گەیشتن بەم دەستکەوتە گەورانە و وەدیهاتنی بەشێکی بەرچاو لە مافەکانیان بە هۆی هاوپشتیی کەم وێنە و مانگرتنی یەکپارچەی کرێکارانی شەریف و زەحمەتکێشی گرووپی میللی ئەهوازی دەزانن. لە کۆتاییدا لەسەر بەدواداچوونی باقی خواستەکانیان لەوانە "گۆڕینی وەزعیەتی هاوکارانی شەفەق لە پەیمانییەوە بۆ قەراردادی، گەڕانەوە بۆسەر کاری کەریم سیاحی هاوکاری دەرکراو و ئەستاندنەوەی خاوەنداریەتی شیرکەت لە بانکی میللی و بەشداریکردنی کرێکاران لە بەڕێوەبەرایەتی" تەئکیدیان کرد.

مانگرتنی شکۆمەندی کرێکارانی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز، درێژەی ناڕەزایەتی کرێکاران لە ناوەندەکانی نەوت و گاز و پێترۆشیمی، مانگرتنی بەهێزی کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان، هاوکات لەگەڵ درێژەی یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی سەرانسەریی خانەنشیان نیشانەی ئەوەیە کە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە جەرگەی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و بۆشایی چینایەتیدا چۆن بەستێنی سیاسیی بۆ پێشڕەوەیی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران ئامادە و بەهێز کردووە و چۆن مەیلی دەروونی کرێکارانی بۆ خەبات بەهێز کردووە. پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران لە حاڵێکدا کە هێڵی هەژاری لە تاران مانگانە گەیشتووەتە ٣٠ ملیۆن تمەن و لە شارەکانی تر گەیشتووەتە سەرووی ٢٥ ملیۆن، نیشانەی پڕبوونی کاسەی سەبر و تەحەمولی کرێکارانە. سەرەڕای ئەوزاعی ئابووری و بارودۆخێکی فەلاکەتبار کە بەسەر کرێکاران و زۆربەی کۆمەڵگادا سەپاوە، کۆماری ئیسلامی حازر نییە هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی کرێکاراندا ئەنجام بدات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی یەکجار دەترسێ لەوەیکە چکۆلەترین پاشەکشە لە سیاسەتەکانی هەتا ئێستای، ڕووحیەی تەعەروزی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان پەرەپێبدات و ببێتە هۆی سست بوونی پایەکانی ئەم دەسەڵاتە و سەرەنجام بیڕووخێنن. بەڵام پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان حەتمین. چونکە لە بەرابەر سیاسەتی دژەکرێکاریی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و خاوەنکاران و خاوەنانی ناوەندە سەنعەتییەکان، کرێکاران بێجگەلە درێژەدانی خەبات هیچ ڕێگایەکی تریان لەبەر نییە.



ئەزموونەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران و جیهان نیشانی دەدات کە مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری بەستێنێکی زۆر گونجاو بۆ ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار پێکدێنێت. ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی و سەربەخۆ لە دەوڵەت بەرهەمی خەباتە. ڕێکخستنی چینی کرێکار لە بۆشاییدا ناکرێ. مانگرتن کە ئامرازی خەباتی بەکۆمەڵی کرێکاران و خوێندنگەی پەروەردەکردنی چینی کرێکار و پێشڕەوانی ئەم چینەیە، لە هەمان حاڵدا ئامراز و مێکانیسمێکە کە کرێکاران لە ئاستی جەماوەریدا لە زەرووڕەتی ڕێکخراوبوون ئاگادار دەبنەوە. مامۆستایانی ئێران لە جەریانی ناڕەزایەتی و مانگرتنی پەیگیرانەی خۆیاندا ڕێکخراوە مەحەلی و سەرانسەرییەکانی خۆیان پێکهێنا و لە جەریانی خەباتدا بەهێزتریان کرد. خانەنشینان لە جەریانی خەباتی سەنگەر بە سەنگەردا بە ئاستێک لە ڕێکخراوبوون گەیشتوون. شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتی کرێکارانی پەیمانی نەوت بەرهەمی خەباتی کرێکاران لەم ناوەندە سەنعەتییەیە. کۆمیتەکانی مانگرتن لەم ناوەندانەی بەرهەمهێناندا کە بوونەتە کانوونی ئیعتراز و مانگرتن، بەرهەمی خەباتی ئێستای کرێکاران بوون. کرێکارانی حەوت تەپە لە جەرگەی خەبات و مانگرتنی شکۆمەندی خۆیان بە بەڕێوەبردنی بەردەوامی کۆبوونەوەی گشتی یان مەجمەعی عوومومی وەک پایەی ڕێکخراوی شۆرایی، بە دەخاڵەتدانی ڕاستەوخۆی کرێکاران لە بڕیاردان، بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ بەدواداچوونی خواستەکانیان، نیشانیان دا کە پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان بابەتێکی مومکین و عەمەلییە. ئەم ئەزموونانە نیشانی دەدەن کە کرێکاران نابێ پێکهێنانی ڕێکخراوی چینایەتی و جەماوەری و سەربەخۆ لە دەوڵەت بۆ دوای ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی هەڵگرن، بەڵکوو پێویستە هەر ئەمڕۆ بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوانە قۆڵ هەڵماڵین.

کرێکاران بەهۆی پێگەیەک کە لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و بەپێی پێگەیەک کە لە کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان هەیانە، بەخاتری خەسڵەتی جەمعی بەرهەمهێنان و بەرژەوەندی هاوبەشیان، بەخاتری چەوسانەوەی توند و بێمافییەک کە بەردەوام بەسەریاندا دەسەپێ، ڕوو دەکەنە خەبات و لە ڕەوتی ئەم خەباتەدا لە زەرووڕەتی پێکهێنانی ڕێکخراو و سازماندان ئاگادار دەبنەوە. سەرمایەداران و ڕژیمی ئیسلامی پشتیوانیان چ بیانهەوێ و چ نەیانهەوێ، کرێکاران ئەم ئەرکەیان بەڕێوەدەبەن. بەهۆی ئەم بەستێنە بابەتییانەیە کە مانگرتن و خەبات بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران. ئەم خەباتە ئەگەرچی هێندێک جار بەشێوەی ئاشکرا نییە بەڵام بەردەوام و بێ پسانەوە لەئارادایە. و لەسەر ئەساسی ئەم واقعیەتەیە کە هەوڵ بۆ یەکگرتووکردنی ڕیزی خەبات و ڕێکخستنی کرێکاران لەلایەن هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی ئەم چینە بووەتە بابەتێکی عەینی و ئاشکرا.

ئەزموونی یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی سەرانسەری خانەنشینان کە چەند مانگە درێژەی هەیە، مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرانسەری مامۆستایان بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە داخوازیی هاوبەش و هەبوونی ڕێکخراو و سازمانی سەرانسەری لە پێشمەرجەکانی پەیوەندی و سەرانسەری بوونەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکارانە. لە بارودۆخی ئێستادا نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی سەراسەری کرێکاران بووەتە بەربەست لەسەر ڕێگای پێکەوە پەیوەنددران و سەرانسەری بوونەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران لە ناوەندەکانی سەنعەت و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا. بەلەبەرچاوگرتنی نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی، ئەم ئەرکە کەوتووەتە سەر شانی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی

ئێستای کرێکاران و ڕێبەران و چالاکانی کرێکاری لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێناندا. ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاری و ڕێبەران و چالاکانێک کە لە ناوەندە پرجوشەکانی خەباتی کرێکارانـدا حزووریان هەیە و لەگەڵ کرێکاران پەیوەندی زیندوو و ئۆرگانیکیان هەیە، دەتوانن لە پەیوەند لەگەڵ یەکتردا ڕێکخراو و ناوەندی وەک شـۆرای هاوکاریی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و چالاکانی کرێکاری پێکبهێنن. ئەم شۆرای هاوکارییە دەتوانێ ڕێکخراوی سەرانسەری مامۆستایان و خانەنشینان و باقی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و ڕێبەران و چالاکانی دیکەی بەشەکانی چینی کرێکار لەخۆبگرێت. پێکهێنانی وەها ناوەندێک ناتوانێ جێگرەوەی ڕێکخراوەکانی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران لە شوێنەکانی کار و جێگرەوەی سازمانی سەرانسەری کرێکاران بێت، بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا دەتوانێ تا ئاستێک بۆشایی نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەری، چینایەتی و سەرانسەری کرێکاران پڕ بکاتەوە و دەتوانێ لە پەیوەنددان و لە سەرانسەری کردنەوەی مانگرتن و نارەزایەتییە کرێکارییەکاندا یارمەتیدەر بێت.

❋❋❋

پێشـــــــڕەو

ئۆرگـانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧

# شێعر

بە شێنەیی مردنی خۆت دەسپێدەکەی

ئەگەر سەفەر نەکەی،

ئەگەر کتێبێک نەخوێنیتەوە،

ئەگەر گوێ لە دەنگەکانی ژیان نەگری،

ئەگەر ڕێزی خۆت نەگری.

بە شێنەیی مردنی خۆت دەسپێدەکەی

کاتێ بروابەخۆیی لە خۆتدا بمرێنی،

ئەو دەمەی نەهێڵی خەڵکانیتر دەستت بگرن.

بە شێنەیی مردنی خۆت دەسپێدەکەی

ئەگەر ببیتە کۆیلەی ئەو ڕەفتارەی تەرکی ناکەی،

ئەگەر تاقە یەک ڕێگا بناسی و لێی لانەدەی...

ئەگەر ژینی ئەمرۆ بۆ سبەی تێک نەدەی.

ئەگەر ڕەنگی جۆربەجۆر لەبەر نەکەی،

لەگەڵ کەسانی نەناسیاو قسە نەکەی.

بە شێنەیی مردنی خۆت دەسپێدەکەی

ئەگەر خۆت لە تین و گوڕ و گەرمایی،

لە هەستی سەرکێش،

لەهەموو ئەو شتانەی چاوت دەبریسکێننەوە و

ترپەی دڵت توندتر دەکەن،

دوورخەیتەوە....

تۆ بە شێنەیی مردنی خۆت دەسپێدەکەی

ئەگەر ئەو کارەت نەگۆڕی کە ناتەوێ،

ئەگەر ئەو ئەوینەت نەگۆڕی کەپێێ دڵخۆش نی

ئەگەر بۆ دڵنیا ڕێگای نادڵنیا نەگریتە بەر، خەتەر نەکەی،

ئەگەر مەیلی پەرواز بۆ ئەوپەڕی ئارەزووەکانت شل نەکەی،

ئەگەر بەر بە خۆت بگری،

کە لانی کەم تاقەجارێک لە ژیانتدا

بە دوور لە مەسڵەحەتخوازی ڕێگە ببڕی ....

ئەمرۆ ژیانی خۆت دەسپێبکە!

ئەمرۆ خەتەر بکە!

ئەمرۆ کارێک بکە!

مەهێڵە بە شێنەیی بمری!

دڵخۆشی لە بیر مەکە

ئەمە شێعرێکی "پابلو نیرودا"یە و "ئەحمەدی شاملو" وەریگێڕاوەتە سەر فارسی و منیش کردوومەتە کوردی، نازانم چەندە دەرەقەتی هاتووم بەڵام هیوادارم دڵی ئەدەبدۆستانم نەڕەنجاندبێ.

ناسر ئەمیننژاد

❋❋❋